# زمانی کوردی و
# گەیاندنی واتای پراگماتیکیی
# گوزارشتگەلێکی پێوەند
# بە کەلتووری ئیسلامەوە

د. هۆگر مەحموود فەرەج/ کۆلیژی زمان/ زانکۆی سلێمانی

**پێشەکی**

کاراترین هۆکارێك کە مرۆڤ بۆ پەڕینەوەی بیری خۆی لەنێوان تاکەکاندا گرتبێتییەبەر، زمانی ئاخاوتنە، چونکە هۆکارەکانی وەك جووڵەو ئاماژەو بانگ و قیژەو...هتد، لەبارياندا نەبووە ئەو ئەرکە بەباشی و لەهەموو کات و شوێنێکدا بەجێبهێنن.

بێگومان ئەوەی وترا بۆ پسپۆڕو تايبەتمەندی بوواری زمان لەئاست بەڵگە نەويستدايە. جا ئەم لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە کۆمەڵێك هێماو کەرەستەی زمانییە، کە لەڕێی کەلتووری ئیسلامەوە سەريانهەڵداوە ياخود لەلایەن کوردزمانەوە بۆ پێوەنديکردن بەکاردەهێنرێن. ديارە ئەو کارکردنەش کارکردنێکی پراگماتيکيیانەيە، ئەگينا جيهانی واتا دەشێ ئاستی سيمانتيکەکەی وەکيەك بێت، لەولايەنەوە کە دروست و نادروست لەئارادايە، لەکاتێکدا کە بۆ پراگماتيك ئەولايەنە لەئارادا نييە. ديارە ئەمەش تايبەتمەنديی ئاستی پراگماتيکە. هەر ئەوەيشە کە وايکردووە (هێلمسليف) پێی وابووبێت کە پەسنی زانستيیانەی زمان پێويستە تەنيا ڕوواڵەتەکەی بگرێتەوە، لەبەرئەوەی جيهانی واتا لەنێوان سەرجەم زمانەکاندا هاوبەشە[1]. بێگومان کاتێك کە بەگشتی باس لەئاستی واتا دەکرێت، دەبێ ئەوە بڵێين کە واتا خۆی لەخۆيدا لە ئاستەکانی سيمانتيك و پراگماتيك پێکدێت. بەواتايەکی تر ئەوەی لێرەدا مەبەستە کارکردنە پراگماتيکييەکەی ئەو کەرەستانەيە، کە چالاکانە لە گەياندنی واتادا بەگشتی ڕۆڵدەبينن.

ديارە يەکێکيش لەولايەنانە کەلتووری کوردی موسڵمانە ياخود کەلتووری ئيسلام و ڕەنگدانەوەيەتی لەکارکردنی پراگماتيکيیانەی کەرەستە زمانييەکاندا.

بۆ ئەمەش باسەکە کراوەتە دوو بەش، لەبەشی يەکەمدا باس لە زمان و چۆنييەتيی کارکردنی پراگماتيکيیانەی لە گەياندنی واتادا کراوە. دوواتر لەبەشی دووەمدا بەشێوەيەکی ورد لەو نيشانەو گوزارشتە پراگماتيکيیانە دوواوين کە تايبەتن بە کەلتووری کوردی موسڵمان و ڕۆڵی کارا لە گەياندنی واتادا دەبينن. پاشتر ئەنجامەکانی باسەکە بە چەند خاڵێك خراونەتە ڕوو.

گرنگیی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە کە ئەم لایەنە لەزمانی کوردیدا باس نەکراوەو تاڕادەیەکی باش ئەوە دەردەخات کە بۆچی لە هێندێك باردا کەسانی بێئاگا لەو کەلتوورە، لە دەربڕراوەکانمان ناگەن، تاوەکو زانیاری پێشوەخت سەبارەت بەو کەلتوورەو بە بەکارهێنانە پراگماتیکییەکانیان نەبێت.

## بەشی یەکەم:

## زمان و چۆنییەتیی کارکردنی کارکردنی لە گەیاندنی واتای پراگماتیکیدا:

گومان لەوەدا نییە کە پراگماتیك ڕووبەرێکی فراوان لە گەیاندنی واتادا داگیر دەکات، کە دەشێ بڵێین لەچاو کارکردنە سیمانتیکییەکەی زماندا بە کراوە دابنرێت، چونکە هەر بازنەیەکی بەکارهێنانی پراگماتیکیانەی کەرەستە زمانییەکان دەشێ بەپێی چوارچێوەی باری وتنەکەی، مەبەستێکی جیاوازو نوێ بگەیەنێت. دیارە ئەمەش لەچاو بەکارهێنانە سیمانتیکییەکەدا فراوانیی کارکردنە پراگماتیکییەکە دەردەخات و لە بەرامبەریشدا ئاستی سیمانتیك دەکرێ بە داخراو بچوێنرێت.

بۆیە ئەگەر پراگماتیك بەشێوەیەك لەشێوەکان بناسێنرێت، ئەوا بریتییە لە لێکدانەوەی ئەو واتایەی کە وتراوەکە هەیەتی سەبارەت بە بەکارهێنەکەی و هاوکات لێکدەرەوەکەشی. جا کاتێك کە سیمانتیك گرنگی بەمانا وەك پێوەندییەکی دووانەیی لەنێوان کەرەستەکەو واتاکەیدا دەدات، ئەوا پراگماتیك دەکرێ وەك پێوەندییەکی سێیانی لەنێوان (قسەکەرو واتاو وتراو) دا ڕەچاوبکرێت.

کاتێکیش قسەکەر هەبێت، ئیتر ناکرێت قسە لەگەڵکراو ڕەچاونەکرێت، چونکە ئەوەی قسەکەر وتوویەتی واتاکەی لەوێوە بەدەستدەهێنێت کە ویستی ئەوەبووە کاریگەرییەکی دیاریکراو لە قسە لەگەڵکراوەکەیدا بهێنێتە ئاراوە.

هەر کە باس لە قسەکەر بکرێت، ئەوا لە بنەچەدا دەوروبەرو چوارچێوەیەکی مەعریفیی تایبەت و گشتیی پێدەوێت، کە لەنێوان قسە لەگەڵیەککەرەکاندا ناوکۆییە. جا ئەو چوارچێوەیەش شوێن و کاتی وتراوەکە لەخۆدەگرێت. وەك (مطاع صفدي) ش، دەڵێت: ((ناتوانین تەنیا بەبۆچوونی خۆمان، بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوروبەری زمانی و ژینگەیی و ئەنترۆپۆلۆجییەکەی دەقەکە، لێی تێبگەین. واتە ئەو دەوروبەرە کە دەقەکە تیایدا سەریهەڵداوە))[٢]. بۆیە بەگشتی دەتوانرێت بوترێت بواری پراگماتیك بە باری قسەیی دیاریدەکرێت، کە تەنیا وتراوەکەو قسەکەرو گوێگرەکەی تێدا نییە، بەڵکو زانیارییە هاوبەشەکانی ئەو ڕەگەزانەش چ تایبەت و چ گشتی، واتە سەرجەم چوارچێوەی باری وتراوەکە ڕۆڵی تێدا دەبێت. جا بۆئەوەی کە زانیارییە دەوروبەرییە هاوبەشییەکە گشتگیر بێت، پێویستە گشت ئەو زانیارییانەی کە بە هەر شێوەیەك بووبێت، چ لەڕێگەی ڕێبەدیی یان بەهۆی شیکردنەوەی ڕاستەوخۆی ئەوەی پێشتر وتراوە، هەڵهێنجراوبن و دەستەبەربووبن.

لێرەوەیە کە پراگماتیك دوواجار چێوەیەکی وتن یان قسەیی ڕەچاودەکات[٣]. ئەمەش وادەکات کە کارکردنی پراگماتیکیانەی زمان، خۆی لەخۆیدا لەڕێگەی چەندین (فایل)[٤] ەوە بێت. یەکێك لەو فایلانەش سەبارەت بە زمانی کوردی، ئیسلامە. واتە ئەو فایلەی کە لەناوخۆیدا دەکرێ هەڵگری ناونیشانی چەندین فایلی تر بێت و بەپێی پێویست قسەکەرو گوێگر بتوانن واتای وتراوەکانی تێدا یان لێوە بەدەستبهێنن.

واتە ئەو ئاستە خۆی دەکرێت بە فایلێکی سەرەکی سەیر بکرێت، کە دەشێ هێندێك زانیاری سەبارەت بەواتای وتراوێك بەدەستەوە بدات، بەڵام ئەگەر ئەمە مەبەستەکەی نەگەیاند، ئەوا بیری مرۆڤ ڕەهەندەی (ئاڕاستە) ی چەندین فایلی دیکە دەکات، تائەوەی مرۆڤ دەگەیەنێتە ئاکامی مەبەستی کەسی قسەکەر لەو

دەربڕراوەی کە لەڕێی قسەوە لەبارێکی دیاریکراودا بە گوێگر وتراوە. نەك هەرئەوە بەڵکو قسەکەریش کۆمەڵێکی زۆر لە کارامەییەکانی دەخاتە گەڕ تاوەکو وتنێك بەرهەمبهێنێت. ئەوەش دروست وەك ئەوەی (ڤۆلفگانگ هاینەمان دیتەر فیهڤیجەر)، دەڵێت: ((ئێمە کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانمان بۆ بەرهەمهێنانی دەق و ڕاڤەکردنی بەکاردەهێنین. هەروەها ئەو مەعریفەیەش چالاك دەکەین کە نواندنە ئاوەزییەکانمان لە دەقێکەوە بۆ بنیاتێکی وتراو پێدەگوێزێتەوە، بەجۆرێك کە بتوانین ناوەرۆکە ئاوەزییەکان بگوێزینەوە...))[٥].

هەر بەپێی ئەوەش کە لەئاستی واتادا وتراوە، واتا هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە زمان بە کارامەیی کەسییەوە ببەستێت، ئەوا لێرەدا دەڵێین هەرچەشنە بەکارهێنانێکی ئاستەکانی زمان بە دابڕاوی لەکارامەیی کەسی، بۆ هەر زمانێك، هەوڵێکی بێ ئاکامە، چونکە مرۆڤ هەمیشە لەکاتی بەکارهێنانی زماندا، واتە لە ئاخاوتندا، چەندین فایل لەئاوەزیدا ئامادەییان دەبێت و لەنێوان قسەکەرو گوێگریشدا کامیان پێوەندیی بەبابەتی قسەلێکراوەوە هەبێت، دەکرێتەوە، چونکە لەلایەن قسەکەرەوە هەوڵی ئەوە دەدرێت کە گوێگریش خودی ئەو فایلانە بکاتەوە. لەمەشەوەیە کە (نایف خرما)، دەڵێت: ((ئەگەر ڕووواڵەتە لەیەکچووەکانی نێوان تاکەکانی هەر کۆمەڵێك زۆرترو گرنگتر نەبوونایە لە ڕووواڵەتە جیاوازەکانیان، ئەوا نەدەتوانرا لەنێوان تاکەکاندا تێگەیشتن بێتە ئاراوە))[٦]. جا ئەگەر کەموکووڕی لە کارامەیی گوێگردا هەبوو، واتە ئەو فایلەی کە قسەکەر کردوویەتییەوە لەلای گوێگر بوونی نەبوو، ئەوا ئەو هەوڵی گەیاندنەی قسەکەر لە هێندێك باردا وەك ئەوە دەردەچێت کە لە پەندە کوردییەکەدا دەڵێت: ئاشەوان لە خەیاڵێك و باراشهاڕ لە خەیاڵێك. بێگومان مەبەست لەو پەندەش، دابڕانە لەلایەنی گەیاندنەوە. واتە هەلی گواستنەوەی بیر نەڕەخساوە. جا بۆئەوەی ئاڵۆزییەکانی قسە نەهێڵرێت، دەبێ بیر لەسەرجەم کارامەیی و زانیارییەکان بکرێنەوەو ئامادەییان هەبێت، وەك ئەوەی (فۆکۆ)، دەڵێت: ((دەبێ بیر لە گشت زەخیرە زانیارییەکانمان بکەینەوە، کە لەڕێگەیەوە ئاڵۆزییەکانی قسە بڕەوێنینەوە))[٧]. دیارە گواستنەوەی بیریش کە لەڕێی وشەو دەستەواژەو ڕستەوە دەبێت و هەریەکەش لەم پێکهاتانە هەلومەرجی ڕۆنان و کارکردنی خۆیانیان بەپێی ڕێزمانی زمانەکە دەبێت.

هەر لادانێکیش لەو هەلومەرجانەی کارکردنی ڕێزمانیی زمانی بەکارهاتوو، دەبێتە هۆی ئەوەی کەلێنێك لەکردەی گەیاندنی ئەو ئەرکەدا دروست بکات، کە بەپێی دروستی و نادروستیی ئەو پێڕەوەی زمانەکە لەئارادایە، ئەگەرچی (پالمەر)، دەڵێت: ((کێشەیەکی زانستی واتا ئەوەیە کە ماناکان لە جێگیر ناچن، بەڵکو پشت بە قسەکەران و گوێگران و چوارچێوەو دەوروبەر دەبەستن))[٨]. دیارە ئەوە قسەکردنە لەئاستی سیمانتیك، ئەگینا لەئاستی پراگماتیکدا، وەك پێشتر باسکرا، دروست و نادروست لەئارادا نییەو ڕەچاوکردنی چوارچێوەو دەوروبەریش ئاسایی چوونە ناو ئاستی پراگماتیکە.

بێگومان کاتێك باس لە بەکارهێنانی سیمانتیکی دەکرێت، ئەوا ئاسایی هەر زمانێك فەرهەنگێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە دەکرێت لە هێندێك باردا بە وشەدان ناوی ببەین، چونکە لەو فەرهەنگەدا ئەگەر نووسراویش نەبێت، ئەوا لەبیری قسەپێکەرانی ئەو گەلە خاوەن زمانەدا یان ئەوانەی کە قسەپێکەری ئەو زمانەن بوونی هەیەو لەکاتی بەکارهێنانی زمانەکەدا کەڵکیان لێدەبینرێت. هەروەك (ڕۆلان پارت) یش وتوویەتی: زمان گەنجینەیەکە، بەهۆی پیادەکردنی قسەوە لەلای ئەوکەسانەی کە سەر بەخودی ئەو نەتەوەیەن، دانراوە[٩]. ئاشکرایشە کە قسەپێکەرانی هەر زمانێکی ئاسایی لە فەرهەنگەکەدا هاوبەشن، چونکە موڵکی گەلەکەی خۆیانەو کارامەییشیان سەبارەت بە بەکارهێنانی سەرجەم کەرەستە

فەرهەنگییەکانیان دەکرێ تاڕادەیەك بڵێین وەك یەکە. پاشتریش سەبارەت بەلایەنی پێوەندییە واتاییەکان و ئەو بووارانەی کە ئەو کەرەستانە تیایدا خۆ دەبیننەوە، شارەزایی خەڵکەکە لەئاستێکی باشدایە، هەر هیچ نەبێت بۆ کەرەستە باوەکان یان ئەو کەرەستانەی کە کارپێکردنیان زۆرە، چونکە وەك (د.حاتم صالح الضامن) دەڵێت: ((زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئامێرێکی گوزارشتکردنیشە لەوەی لەکۆمەڵدا لەئارادایە. هەروەها زمان وێنە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵەمان بەوردی و ڕوونی لەلایەنی ژیاری ڕێوشوێنەکان و باوەڕو ئاڕاستە هزریو ڕۆشنبیریو زانستیو هونەریو ئابووریو...هتد، بۆ تۆمار دەکات[١٠]. واتە زمان بەپێی هەلومەرجی خۆی واتا لەلایەن کۆمەڵەکەوەو بەپێی هزرو تێڕوانینەکانیان بە کەرەستە زمانییەکان دەدەن.

بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا وشەکانی (دار) و (درەخت) هاوواتان، بەڵام لەجۆری (هاوواتای ناتەواو-Partiyal Symonymy)، چونکە ئێمە ناتوانین بۆ هەموو دەقێك و چوارچێوەیەك (دار) لەجێگەی (درەخت) دابنێین. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە لە هێندێك دەق و چوارچێوەدا جێی یەکتر ناگرنەوە یان ناتوانرێت لەجێی یەکتر بەکاربهێنرێن[١١].

بێگومان ئەم پێوەندیی هاوواتاییەش خۆی بەپێی پێوەندیی شوێن دەرەخسێت، کە لە هەردوو کەرەستە فەرهەنگییەکەدا بەپێی واتا، واتە بەپێی سیمانتیك ڕێیان پێدەدرێت لەجێگەی یەکتر بێن و بیرەکە بگەیەنن. بۆ نموونە، دەوترێت:

١- لە کۆندا مامۆستا بە دار لە منداڵی دەدا.

٢- لە کۆندا مامۆستا بە درەخت لە منداڵی دەدا.*

وتراوی (١) بەپێی پێوەندییە واتاییەکان دروستە، بەڵام بە گۆڕینی وشەی (دار) بە (درەخت)، ئەو دروستییە نامێنێت. هۆی ئەوەش ئەوەیە کە هەردوو جۆرە پێوەندییەکانی ئاسۆیی و ستوونی یان تەکنشینی و جێنشینی تێکدەچێت و ئەمەش نادروستیی وتراوەکەی لێدەکەوێتەوە، چونکە سیما واتاییەکان یاخود ڕایەڵە واتاییەکانی (دار) لەگەڵ (درەخت) دا جیاوازییان هەیە، هەرچەندە وشەی (دار) وەك فرەواتایەکیش لەزماندا کاردەکات، وەك:

دار ——— ١) درەخت

٢) دار (+ بڕراو یان لە ڕەگهەڵکێشراو بە وشك و تەڕییەوە + ڕەگداری و ژیان)

لێرەوە ئەوەی کە دروستیی وتراوی (١) و نادروستیی (٢) مان پێدەڵێت، ئەوە ئاستی سیمانتیکە، کە پێوەندیی ئاسۆیی نێوان کەرەستە زمانییەکان، واتە گونجان و نەگونجانی نێوان کەرەستەکان خۆیان ئاکامی لەباری یاخود نالەباریی ڕیزبەندییەکە، یان هاوڕێیەتیی کەرەستەکان دەردەخەن و دوواجار ئەرێی دروستیی وتراوەکە یان پێچەوانەکەی دەگەیەننە گوێگر یان گوێگران. کەواتە بۆ وشەی (دار) کە هێمایەکە، دوو ئاماژەی لەدەرەوەی زماندا هەیە، بەڵام کاتێك (دار) دەکرێتە هاوڕێی (لێدان) ئەو دەمە ئیتر ژمارە (٢) یەکلایی دەبێتەوە، چونکە پێشتریش لەڕستەکەدا فۆڕمەکانی کات و مامۆستاش بەهاتنە ناوەوەیان لە پێوەندییە ئاسۆییەکەداو لە ئاماژەکردنی هەریەکەشیاندا بۆ شت و ڕووداوی دەرەوەی زمان و دوواتر گونجانیان لەگەڵ پێکهێنەرەکانی تری پێکهاتە واتاییەکەدا، یەکەیەکی واتایی گەورە دەخەنەوە[١٢]، کە سەرجەمیان پێکەوەو بە ڕایەڵداری بەکارامەیی کەسییەوە، لەدەرەوەی زماندا ئاماژە بۆ شتەکان و

ڕووداوەكە دەكەن و ئاكامیش ئەڕێی لەباریی وتراوەكە دەدات و واتاكەی دەگات. جا ئەوەی كە بۆ ڕستەی (١) ڕاست بوو، لە ڕستەی (٢) دا بەهۆی هاتنی (درەخت) لەجێگای (دار) دا، گونجانی نێوان كەرەستەكان لە پێوەندییە ئاسۆییەكەدا دروست دەبێت و بەمەش دروستیی پێكهاتە گەورەكە لەئارادا نامێنێت، كە ئەوەش تێكچوو، تێگەیشتن لەواتای وتراوەكە ئاسایی نابێت. كاتێكیش كە تێگەیشتن لەڕێی یەكە زمانییەكان و گونجانیانەوە لە یەكەیەكی واتایی گەورەتردا نەڕەخسێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە گوێگری ئاسایی دەبێ قووڵتر بیر لەهاتنی ئەو وتراوە بكاتەوە بۆئەوەی لە مەبەستی قسەكەرەكە بگات. بەو قووڵبوونەوەیەش گوێگر لەئاستی سیمانتیك دەردەچێت و دەچێتە سۆراخی لێكەوتەی واتاییەوە[١٣]، چونكە واتای ئاسایی نەیتوانیوە لەڕێی خودی وتراوەكەوە بگات. كەواتە دەبێ گوێگر دوو بۆچوونی لا دروست ببێت. یەكەمیان ئەوەیە كە قسەكەرەكە لەو زمانەدا قسەكەرێكی كارامە نییە. دووەمیان ئەوەیە كە كارامەیە، بەڵام لەو بەكارهێنانە نائاساییەی، مەبەستی تری هەیە.

لێرەدا دەبێ گوێگر بەپێی ئەوەی كە زمانمان بە كۆمپیوتەر چوواند، دەبێ بە ئاوەز لە مێشكی خۆیدا چەندین فایل بگەڕێت، تاوەكو لە یەكێكیاندا كلیلی هۆی ئەو بەكارهێنانە نائاساییە بدۆزێتەوە، ئەوسا لەواتای وتراوەكە بەو چەشنە دەگات. لەبەرئەوەیشە كە (WILLAM.O.HENDRICK) پێیوایە هەر لێكدانەوەیەك بۆ ڕستە، بەدەر لەچوارچێوەو شوێنی وتنی بكرێت، دەشێ بەهەڵەماندا ببات[١٤]. بێگومان ئەو فایلانەش زۆرن. بۆ نموونە لەنێوان چەند هاوڕێیەكدا دەشێت كۆمەڵێك ڕێككەوتنی تایبەت، بۆ پێدانی واتای تایبەت بەچەند كەرەستەیەكی زمانی درابێت، سەرباری واتا ئاساییەكەیان، ئەوەی لەنێوان سەرجەم قسەپێكەرانی ئەو زمانەدا ناوكۆییە. هەروەك ڤیتگنشتاین وتوویەتی: ((واتای وشە بریتییە لەو كۆمەڵە بەكارهێنانەی خەڵكەكە بۆ ئەو وشەیە لەزمانی ئاساییدا))[١٥]، بێگومان ئەمەش بۆچوونێكی دروستە. بۆ نموونە كاتێك كە بەعس باڵادەستی كوردستان بوو و لەهەوڵی ئەوەدابوو زۆرترین كەس بە كردنە بەعسی لەكەدار بكات و هەموو هەوڵێكیشی لەوپێناوەدا دەدا، چ لاسدان و چ تۆقاندن و ترساندن. بۆیە لەناو كورددا لەباتیی ئەوەی بڵێن فلانە كەس بووەتە بەعسی، بۆ نموونە دەیانگوت:

٣- حەمە حەبەكەی خواردووە.

دیارە ڕستەی (٣) یش بۆ بێئاگا لەو هەلومەرجەی كە (بە بەعسیبوون) ی تێدا كراوەتە هاوواتای (حەبخواردن)، ئەوا ئەوەی دەگات یاخود تێگەیشتن لێی تەنیا لەڕێی كۆی ئەو یەكە زمانییانەوە دەبێت كە ئەو وتراوەی پێكهێناوە. دیارە ئەوەش بەكارهێنانە سیمانتیكییەكەیە، كە بێگومان دوورە لەمەبەستی ڕستەی (٣)، بەڵام وەك (نعیم علویة) وتوویەتی: ((دەتوانرێت بزاوتی زاراوە بزانرێت لەوەی كە لەواتای شتێكەوە بۆ واتای شتێكی تر دابنرێت، بەوەی كە لەنێوان بنیاتی دوو شتەكەدا لەناو زماندا ڕێچكەی كراوە بۆ هزر لەئارادا بێت))[١٦]. كەواتە واتای ئەو بەكارهێنانە پراگماتیكییەی ڕستەكە بۆ كوردێكی ڕۆژهەڵاتی كوردستان ناگات، چونكە ئەو لەبنەڕەتدا فایلێكی وا لە مێشك و هۆشیدا مەرج نییە كرابێتەوە. ئەمەش ڕێك لەگەڵ بۆچوونەكەی (ڕوبەرت شوولز) دا دەگونجێت، كە دەڵێت: ((كۆمەڵە نیشانەیەك كە لە ناوەندێكی دیاریكراودا لە نێرەرەوە بۆ وەرگر دەگوێزرێتەوە، ئەوە بە گرتنەبەری جفرەیەك یان كۆمەڵە جفرەیەك دەبێت))[١٧].

لەو نموونەیەوە بیگرە بۆ سەرجەم ئەو شتانەی كە لەژیانی ڕۆژانەو لە هەلومەرجە جیاجیاكانی ژیاندا دەبنە بەشێك لە كارامەییمان و هەریەك بەپێی خۆی فایلی تایبەتی دەبێت، لەوانە قۆناغی منداڵی و هەڵسوكەوت و شێوازی تایبەتی قسەكردنی منداڵ و دوواتر لاوێتیی و پاشانیش پیری، یاخود ئەوانەی كە

تایبەتن بە ژنان یان ئافرەتان بەگشتی، یان كاروباری كۆمەڵایەتی، یاخود سەربازی، یان ئایین و باوەڕ یاخود بەشە جیاجیاكانی زانست یان كەلتووری گەل و نەتەوەكە بەگشتی یان وەرزش...هتد. دیارە ئەو بوواری زانیاری و كارامەییانەمان ژمارەیەكی زۆرن و مەرجیش نییە سەرجەم قسەپێكەرانی زمانێك لەهەموویاندا هاوبەش بن، چونكە ئاسایی ئەو هەلومەرجانەی بۆ هەریەك یاخود هەر چین و توێژو تەمەنێك دەرەخسێت مەرج نییە دروست وەكیەك دووبارە ببنەوە، یاخود كەسەكان وەكیەك لەلایان بمێنێتەوە، تاوەكو لەداهاتوودا لەڕێی هێمای زمانییەوە بەیەك خێرایی ئەو فایلانە لەئاوەزدا بكرێنەوە. بۆ نموونە دەكرێ لەڕێی ئەو هێڵكارییەی خوارەوە، ئەم چۆنییەتیی پێوەندیكردنە تاڕادەیەك بخرێتە ڕوو:




بێگومان بابەتی نێردراو دەشێ یەكێك بێت لەو بابەتانەی دیاریكراون یاخود زۆر بابەتی دیكەش كە ناویان نەهێنراوە. جا ئەگەر وەرگر لەگەڵ نێردەرەكەدا بۆ هەر یەكێك لەو بابەتانە هاوبەشی و هاوئاگاییان نەبێت، ئەوا ناكرێت پێوەندیكردن لەنێوانیاندا بۆ ئەو بابەتە بێتە ئاراوە. هەر بۆنموونە دەكرێ لەهێڵكارییەكەدا، پێوەندیكردنەكە بە تەوقەكردن بچوێنرێت. ژمارە (٤) یش لای قسەكەرەكە كە (ئایین و باوەڕ) دەگرێتەوە، بەدەستی ڕاست بچوێنرێت، كە هەمیشە تەوقەكردنیش بەودەستە دەكرێت، جائەگەر وەك ئەوەی كە ژمارە (٤) لای گوێگر نییەو بۆشە، بەنەبوونی دەستی ڕاستی كەسی دووەم كە وەرگرەكەیە بچوێنرێت، ئەوا لەوبارەدا تەوقەكردنەكە بەشێوەی ئاسایی نابێت. بۆیە دەڵێین ئەگەر كارامەیییەكانی تایبەت بە (ئایین و باوەڕ) لای وەرگرەكەش نەبێت، ئەوا گەیشتنی واتا بەو كەرەستانەی گوزارشتی لەولایەنە پێدەكرێت نارەخسێت، چونكە لەیەكگەیشتن هەمیشە بەپێی ئەو كەرەستانە دەبێت كە مرۆڤ لەكارامەیی خۆیدا تۆمارێكی باشی هەیەو ئەو تۆمارەش بەهۆی ئەوەوە كە مرۆڤ بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییەو بەردەوامیش لە كۆمەڵەكەیدا لە كارلێكدایە. بۆیە تۆمارەكەی هەمیشە بە كراوەیی دەمێنێتەوە. دیارە ئەو كراوەییەش هەلومەرجی ئەوە دەرەخسێنێت كە بەپێی ڕۆژگار كەڵەكەبوونی كارامەیییەكان زیاد بكەن.

ئەم هۆكارەیشە كە وادەكات لەنێوان تاكەكانی گەلێك یان نەتەوەكیشدا جیاوازی لەلایەنی تێگەیشتنەوە هەبێت، بەتایبەت بۆئەو كەرەستە زمانییانەی كە پراگماتیكییانە بەكاردەبرێن.

دەبێ ئەوەیش بزانین كە تەنانەت ئەوەی كە چۆمسكی بە (وتراوە بۆشەكان) باسیان دەكات، هەرگیز لە ڕووانگەی پراگماتیكەوە بۆش نین، چونكە كاتێك لە چوارچێوەیەكی دیاریكراودا بوترێت و مەبەستێك لەپشتیەوە هەبێت، ئەوا ناتوانرێت لەلایەنی واتاوە بەبۆش ناوببرێت. واتە كاتێك پراگماتیكییانە

بەکاربرابێت، وەك ئەوەی کە دەڵێت: (One should not do such things)[١٨].

بۆ نموونـە لـە کوردەواریـدا هێنـدێك کـەس بـۆ گوزارشـتکردن لـەبارەی کچێکەوە کـە شـوو بکـات و دووای گوێزانـەوەی هاوسـەرەکەی بـۆی دەربکـەوێت کـە کـچ نییـەو ئەمـەش لەلایـەنی کۆمەڵایەتییـەوە کێشـەی لێدەکەوێتەوە، کە خەڵکی پێیبزانن، هێندێکجار بۆ گوزارشتکردن لەوبارەیەوە دەوترێت:

٤- گوێزەکەی پووت بووە.

بێگومـان وەنـەبێ کـە لـە کوردەواریـدا هاوواتـای ئـەو وتـراوە نـەبێت، بـەڵکو هەیـەو وشـەی (بـێن)ە، کـە هـەردووکیان ئاماژە بـۆ لەدەسـتدانی (کچێنی) لەلایەنە ئەندامییەکەوە دەکـەن. دەبێ ئەوە بزانین کـە ئـەو بەکارهێنانانە یەکبەدواییەکدا لایەنی (تابوو– taboo) وایکردووە کە لەزماندا بێنە ناوەوە، بەڵام بە تـەواو ئاشـکرابوونی فۆرمێـك و واتاکـەی بـۆ هـەموو کەسـێك، کـە ئەگـەر بـەتابووەوە پێوەنـد بێـت، ئـەوا بـۆ دوورکەوتنەوە لە ڕاشکاوی، پەنا دەبرێتە بەر هێنانە ئارای فۆڕمی نوێ بۆ گوزارشـتکردن لـەو مەبەسـتانە. بەوپێیە فۆرمی نوێ واتا کۆنەکە دەگەیـەنێت. جا لەگـەڵ ئـەو دوورکەوتنەوانەشدا لە بەکارهێنانی هێمای دیار بۆ گوزارشتکردن لەو بارانە، کەچی هێندێکجار دەستەواژەکانی (پەرژینێکی قایم بێت، عەیب نـەبێت، بیلامانا...هتد) هەر لەپێشیانەوە بەکاردەهێنرێت.

ئاشکراشە کە سەرجەم ئەو پێچوپەنایانە بەهۆی قەدەغەیی لێدووان و گوزارشـتکردنەوەیە لەهـەر لایـەنێکی پێوەندیدار بە سێکسەوە. ئەو پەنابردنەبەر شتی تـرە بۆ گەیاندنی مەبەستێکی شارراوە لە بەکارهێنانی زمانـــدا زۆرە، بۆیـــە (ئـــەمبیرتو ئیکـــۆ)، دەڵێـــت: ناتوانرێـــت چـــاو لـــە وەرگرتنـــی پراگماتیکییانـــە بپۆشرێت...ئەوەی کاری وەرگرتن ئەنجامدەدات، ئەوا لەڕووالەتدا ناڕاستەو بەشێوەیەکی بە توێکڵ یان لێڵ قسەکراوەو قسەکەش تایبەتە بەشتی ترو زانیارییەکی پۆشراو خراوەتەڕوو...دیارە ئەوەش ڕوونـە کە ئەوەی کەسەکە ویستوویەتی مەبەستێك و شتێکی ترە[١٩].

بەڵگـە نەویستیشـە کـە تێگەیشـتن لەهەریـەك لـەو دەربڕاوانـە کارامـەیی و بـەئاگایی زیـاتری دەوێـت، وەك لەوەی کە ئاستی سیمانتیك دەیخوازێت. هەربۆیە هایمز، دەڵێت: قسـەکردن لـەبارەی توانـای مرۆڤـەوە بـۆ زمان پێویستە بە بەکارهێنانییەوە لەژینگەیەکی ڕۆشنبیری و شارستانیی دیاریکراوەوە ببەسترێت[٢٠].

جا ئەگـەر ڕستەی (٤) لـەلای چـەند کەسێکی تەمـەن جیاوازدا، بـۆ نموونـە سـێ خوێنـدکاری سـەرەتایی و ناوەندی و تەنانەت ئاستی زانکۆیش لەگەڵ چەند ژن و پیاوێکی تەمەن جیاواز لە گەنج و پیر بەکاربێت، ئـەوا ئاساییە کە هێنـدێك لایـەنی چوارچێوەی وتنەکـەش نـەك هـەمووی، بـۆ زۆربـەی زۆریـان نابێتـە هـۆی تێگەیشتن لە وتراوەکە. ئەوانەش کە تێدەگەن لە سنووری ئاستی سیمانتیك دەتـرازێن. دیـارە ئەوانـەش ئەوانـەن کـە تەمـەن و کارامـەییان لـە هەلومەرجـە کۆمەڵایەتییـەکانی کوردەواریـدا زۆرە، ئـەگینا وشـەکانی (گوێز) لەلایان هەر گوێزەو (پووت) یش هەر ئەو ئاماژەیەی فەرهەنگی دەبێت. بێگومان وەك (پییر جیرۆ) ش دەڵێت: ((واتـای بنچینەیی و واتـای چوارچێوەیی پێکەوە نایـەن، هەمیشـەش واتـا بـۆ بارێـك لـەئارادا دەبێـــت، کـــە ئـــەویش واتـــای چوارچـــێوەییە))[٢١]. هـــەر ئـــەو بارانەشـــە کـــە وایکـــردووە یـــەکێکی وەك (ڤیتگنشتاین) پێیوابێت کە: دەبێ لەزمانەکەدا بـەتوانا بیـت، تـاوەکو لەپەسـنە هێماییيـەکان بگـەیت[٢٢].

دیـارە ئـەم بۆچـوونەش دروسـت ڕاژە بـە ئـەم لێکۆڵینەوەیـە دەکـات، چـونکە ئـەو پەسـنە هێماییانـەی کـە پراگماتیکییانە کاردەکەن، بەبێ ئاگایی لە کەلتووری کوردی موسڵمان تێگەیشتنیان بۆ گوێگر کارێکی ئاسان نییە، ئەگەر نەڵێین هەر ناشێت.

## بەشی دووەم:

کاتێك کە لە کەلتوور دەدوێین، ئەوا گومان لەوەدا نییە کە کەلتووری هەر نەتەوەیەك چەندین لایەن لەخۆ دەگرێت. هەریەك لەولایەنانەش لەزمانی نەتەوەکەدا هێماو گوزارشتی تایبەت بەخۆی هەیەو تاکەکانی گەل و نەتەوەکە لەڕێیانەوە بیرو ویست و مەبەستەکانیان لەیەکتر دەگەیەنن و پێوەندی دەکەن. هەروەك (د.هادی نعمان الهیتی) وتوویەتی: تاکەکان لەدەستە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەڕێی ئەو هێمایانەوە کە کەلچەر بەدرێژایی ڕۆژگار داینـاون و واتاکـانی بـۆ دیـاریکردوون، پێوەنـدی دەکـەن. لـەنێوان ئـەم هێمایانەشدا– گوفتەکان و نیشانەکان و جووڵەکانن. دیارترینی ئەو هێمایانەش وشەکانن– لەبەرئەوە زمان بەوە پەسن دەکرێت کە پێڕەوێکی دانراوی پێوەندییەکانی نێوان هێماو دەربڕراوەکانە لە کەلچەرێکی دیاریکراودا، بۆئەوەی گوزارشت لەواتا بکات. دیارە ئەمە واتای ئەوە نییە کە واتایان هەتاهەتایە بە نەگۆڕی بمێنێتەوە، بەڵکو گۆڕانی زۆریان بەدووای ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کەلچەردا ڕوودەدات، بەسەردا دێت[٢٣].

جا یەکێك لەولایەنانەش، ئایین و باوەڕە، کاتێکیش کە قسە لە ئایین دەکرێت، ئەوا ئاساییە کە ئایین لەبەرئەوەی ڕۆڵی لەزۆر لایەندا دەبێت، یان ڕاستتر بڵێین تێکەڵ بەزۆر لایەن کراوەو لەهێندێك باردا لەباری کەسێتییەوە بیگرە تا بە ئابووری و ساڵنامەو کاتنامەو گەردوون و ڕێوشوێنەکانی هەڵسوکەوتی ڕۆژانە، تاوەکو بە شتە زۆر تایبەتەکانی وەك سێکس و پۆشین و...هتد، دەگات.

جا ئەوەی لەم بەشەدا مەبەستە بخرێتە ڕوو، ئەو بەکارهێنانە پراگماتیکییانەی زمانە بۆ گەیاندنی واتای بەشێك لەو شت و ڕووداوانەی دەرەوەی زمان، کە ئایین یاخود ڕاستتر بڵێین کەلتووری کوردی موسڵمان بۆ گەیاندنیان دەبنە فایلێکی تایبەت و بەبێ کردنەوەی ئەو فایلە، پچڕانێك لە ڕێچکەی ئاماژەدانەکانی ئەو کەرەستە زمانییانەدا دێتە ئاراوە، کە بەبێ بەستنەوەیان بیرەکە ناگاتە گوێگر یاخود گوێگران. بێگومان خودی ئاستی پراگماتیك هەروەك لە پێشنیگاخستنی کتێبەکەی (جاك موشلرو ئان روبول) دا هاتووەو بەزانستی بەکارهێنانی زمان دەیناسێنێت، لەوانەش: پێوەندیی بە زیرەکیی دروستکراو و کارکردنی مێشکی مرۆڤ و لەوانەش: کێشەکانی لێکدانەوەی زمان لەچوارچێوە جیاجیاکانداو هەروەها لەنێوان زمان و ڕاستی یان لەنێوان بڕواو ڕاستیدا[٢٤]. دیارە ئەو چۆنێتیی بەکارهێنانەی زمانیش، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەستە، بۆ قسەپێکەرانی کوردی، بەتایبەت کوردی موسڵمان، تاڕادەیەکی زۆر بۆ کەسانێك کە کارامەییان هەبێت و لە تەمەنێکی منداڵیدا نەبن، ئەوا زۆریان ئاساییە.

لێرەشەوەیە کە (سیزا قاسم) دەڵێت: ((...وشەکان بۆ کەسە جیاجیاکان هەر ئەو شتە یان هەریەك شت ناگەیەنن، جیهانی کارامەییەکانی مرۆڤیش فراوانترە لەجیهانی زمان...))[٢٥]. ئاشکرایشە کە بەکارهێنانی پراگماتیکییانەی کەلتووری ئیسلام بەپێی کوردەواری، وەك باسکرا، زۆر لایەن دەگرێتەوە. بۆیە دەکرێ بەپێی تایبەتێتیی هەر لایەنێك، جیابکرێنەوە، لەوانەش:

## بەکارهێنانی پراگماتیکییانەی کات:

بێگومان ئەم لایەنە بەکارهێنانێکی زۆری هەیە، بەڵام خستنەڕووی چەند نموونەیەك، ئەوە ڕووندەکاتەوە. لەوانە ئەگەر لە دەربڕراوی (٥) بڕوانین، کە دەڵێت:

٥– لەگەڵ بانگدا بۆ ئیش لەماڵ دەردەچوو.

لەوتراوی (٥) دا، کە وشەی (بانگ) ی تێدایە، بە دابڕان لە کەلتووری ئیسلام کەلە (٢٤) کاتژمێرەکەی شەوو ڕۆژدا، (٥) بانگدان لەئارادان، بۆ ئاگادارکردنەوە لەوەی کەکاتی نوێژکردنە، مەرج نییە کەسێکی

بێگانە ئەگەر زمانی کوردییش بزانێت، بەڵام لەناو کوردستاندا نەژیابێت، یان لەگەڵ کوردی موسڵماندا نەژیابێت، ئەوا ئەو وتراوە مەرج نییە واتای کاتەکەی پێ بگەیەنێت. دیارە کاتەکەشی بەپێی ئەو وتراوە مەبەست لێی سەرەتای ڕۆژبوونەوەیە، ئەگەرچی لەڕۆژێکدا پێنج جار بانگدەدرێت، کەچی مەلابانگدان یان شێوەی وتراوی (٥) زیاتر بۆ بانگی بەیانی بەکاردێت و گوێگری کوردیش هەر ئەوکاتە لە دەربڕراوێکی وا هەڵدەهێنجێت.

هەر سەبارەت بەکات، کە لەڕێی کەلتووری کوردی موسڵمانەوە دەگات، لەڕێی ئەم نموونەیەوە دەکرێ بخرێتە ڕوو، کە دەڵێت:

٦- دووای بانگی خەوتننان میوانەکان دەگەنەجێ[٢٦].

جا ئەگەرچی میوان ئاسایی کە دێت، بۆ دانیشتنە نەك خەوتن، بەڵام خودی وشەی (خەوتننان) پێوەندیی بەوساتەی نوێژەوە، بۆ سەردەمە کۆنەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە کە هۆکارەکانی کاتبەسەربردن وەك ئێستا لەئارادا نەبوون و خەڵکەکەش لەزۆربادا بەهۆی کارکردن و ماندوویی جەستەییەوە ئێواران شەکەت بوون، بۆیە لەدووای نانخواردنی ئێواریٚ زۆرێکیان هەر تاکاتی نوێژی خەوتننان خۆیان ڕاگرتووە کە نەنوون، واتە لەدووای نوێژکردنەکە بەگشتی زۆربەی خەڵکەکە خەوتوون.

بێگومان زمانیش لەم ئاماژە پێدانانەدا بارە گشتییەکان ڕەچاودەکات. کەواتە خودی ئەو پێوەندییەی کە وشەی (خەوتننان) بەکاری خەوتنیەوە هەیە، بۆ ئەو سەردەمانە دەگەڕێتەوە، ئەگینا بۆ سەردەمی نویٚ تەنیا ئەو نوێژەو ئەوکاتی نوێژە دەگەیەنێت، کە دەشیٚ بڵێین هێندێك جار کە کاتەکە دیاریدەکات، مەرج نییە نوێژەکەشی وەك پێویست تێدا مابێت، چونکە وەك (میلکا ئیڤیچ) دەڵێت: هەموو وشەکان ئەو یەکانەن کە لە سیستەمێکی فەرهەنگیی تەواودانو سەر بەخودی زمانێکن، لە ساتەوەختێکی مێژوودا[٢٧].

بەواتایەکی تر بۆ ئێستا چەمکی (خەوتن) تاڕادەیەك و تەنانەت (نوێژ) یش لەو وشەیەدا یان لەو بەکارهێنانەدا نەماون. ئەم خەسڵەتانەشە کە وایکردووە (صابر الحباشە) بڵێت: ((پراگماتیك دەڕوانێتە بەهای وتراو لەدەرەوەی جیهانی زمانیدا، واتە بۆ ڕەهەندی کارەکیی وتراو دەڕوانێت))[٢٨].

لێرەوەیە کە ئەگەر بڵێین (نوێژی خەوتنان)، تەنیا پراگماتیکیانە لەڕووانگەی کەلتووری ئیسلامەوە لەلای کورد (کات) ێکی شەو دەگەیەنێت. دیارە ئەو کاتەش کە ئەو وتراوە دەیگەیەنێت، بۆ ئەوەی دروست بیگەیەنێت، ئەوا زانیاریی زیاتری دەوێت. جا وەك (ڕۆلان پارت)، سەبارەت بە پراگماتیك وتوویەتی: ((بابەتی تایبەتی پراگماتیك لێکۆڵینەوەیە لە پێوەندیی نێوان هێماکان و بەکارهێنەکانیان...))[٢٩]، بۆ نموونە ئەگەر بەکارهێنانی ڕستەی (٦) لەهاویندا بێت، ئەوا گەیاندنی کاتەکەی زۆر جیاوازە وەك لەوەی کە لەزستاندا بێت، چونکە نوێژەکان بەپێی هەڵهاتن و ئاوابوونی (خۆر)، کاتەکانیان دیاری دەکرێن. دیارە ئەمانەش هەموویان پراگماتیکییانە ڕۆڵیان لەو دیاریکردنی کاتەدا دەبێت. بۆیە لەدەرەوەی بەئاگایی لە کەلتووری ئیسلام لای کورد، ئەو (کات) ە، دروست بەپێی کاتژمێر، کەی یان چ کاتێك دەگەیەنێت، ناگات.

هەر بەوپێیەش بەکارهێنانێکی وەك:

٧- بەربانگمان دەکردەوە، جەندرمەکان هەڵیانکوتایە سەرمان.

وتراوی (٧) کۆمەڵێك زانیاریی لەڕێی پراگماتیکەوە دەگەیەنێت، لەوانەش ئەوەی کە ئەودەمە ئێوارەیەو بەزۆرییش ئێوارەیەکی مانگی ڕەمەزانە، کە مانگی ڕۆژووی پێدەوترێت، چونکە بەربانگکردنەوە بەدووای ڕۆژووگرتندایە. جگە لەوانەش ئەو ڕەمەزانە چ وەرزێکە لەساڵدا، ئەمە ئەوە دیاریدەکات کە بەشێوەیەکی نزیکەیی کاتژمێری هەڵکوتانە سەرەکە دەستنیشان بکات.

لێرەشەوەیە کە (میلکا ئیڤیچ) دەڵێت: لەناو پراگماتیکدا، لە هۆکارەکانی گەیاندن و پێوەندییان بە مرۆڤ دەکۆڵرێتەوە، واتە چی لە مرۆڤدا ڕوودەدات کاتێك کە پەیامێك دەنێرێت یاخود وەردەگرێت؟ هەروەها ئەو کاری گەیاندنەی پشت بەچ ڕێگەیەك دەبەستێت (بەگشتی یان بۆ هەر بارێکی تایبەتی خۆی) و تا چەندیش شێوەی گەیاندنەکە بەپێی جۆری ڕۆشنبیرێتییەکە دەسازێت؟[٣٠]. ئەگەر بەپێی ئەو بۆچوونەی میلکا ئیڤیچ، لەوتراوی (٧) ورد ببینەوە، ئەوا بۆ کەسێك کە قسەکەرەکە بناسێت، لەگەڵ یەکێکدا کە نەیناسیبێت، لێکەوتەکان جیاواز دەبن، چونکە کەسێك کە نەیناسێت، بۆئەوە دەچێت کە قسەکەرەکە ڕۆژووگرە، بەڵام بۆئەوەی کە دەیناسێت ئەم لێکەوتەیە نابێت، لەبەرئەوەی لە کوردەواریدا دەکرێ کەسێك لەمانگی ڕەمەزاندا بە نانخواردنی ئێواریٚ بەربانگکردنەوە بڵێت، بەڵام خۆی لەوانەش نەبێت کە ڕۆژوو دەگرن.

هەر بەوپێیەش ئەگەر لە دەربڕراوی (٨) بڕوانین، کە دەڵێت:

٨- ساڵانە لەومانگەدا، سێ چوار مەولوود دەکات.

لێرەدا لەوتراوی (٨) دا بەبێ ئەوەی کە ناوی مانگەکە هاتبێت، پراگماتیکییانە ئەوەدەگات کە مەبەستەو مانگی (مەولوود) ە، بەپێی ساڵنامەی ئیسلامی، دیارە ئەمەش بەیارمەتیی بەشی دووەمی دەربڕراوەکە، لەپێوەندییە ئاسۆییەکەی لەگەڵ بەشی یەکەمیدا دەیگەیەنێت، چونکە لەبەشی یەکەمدا (مانگ) و (تەواوبوون) و لە دووەمدا (مەولوود خوێندنەوە) لەئارادان. دیارە بەپێی کەلتووری کوردەواریی کوردی موسڵمانیش خوێندنەوەی مەولوود بەزۆری لەو مانگەدایە، کە ساڵیادی لەدایکبوونی پێغەمبەری موسڵمانانی تێدابووە. بێگومان کەسێکیش ئەگەر ڕێکەوتی ساڵنامەی (کۆچی) ی ئیسلامی لەگەڵ ساڵنامەی زایینییدا نەزانێت، ئەوا نازانێت کاتەکەی کەی دەگرێتەوە. جگە لەوانەش وتراوەکە هەمووی، پەنامەکییانە ئەوەشی گەیاندووە کە کەسەکە موسڵمانەو خێرکەریشە. دیارە ئەمانەش هەر لەڕێی خودی وتراوەکەوەیە بەشێوەیەکی پراگماتیکی و لێرەشەوە وا بۆ وتراوەکان دەڕوانرێت کە شانۆیەك بێت و سێ ئاستی کارە زمانییەکە دەربخات، ئەوانیش: خودی کارە زمانییەکە، کارە ناوەخنییەکەی زمان (نەوتراو)، کاریگەریی وتراوەکە[٣١].

جا ئەگەر لەوتراوی (٩) بڕوانین، ئەوا دەبینین هەر بەوپێیە سەبارەت بەکات واتا دەگەیەنێت:

٩- قوربان لەدایك بووە.

لێرەدا خودی دەربڕراوی (٩) بنیاتە قووڵەکەی ئەوەیە کە کەسێك لە جەژنی قورباندا لەدایك بووە، ئەگەرچی هەر ئەو وتراوە دەشێ ئەو واتایە بگرێتەوە کە مەبەستی لەدایکبوونی ئەو منداڵە بێت، کە هەر لەوکاتەوە کە لە سکی دایکیدا بووە، ناوی (قوربان) یان بۆ هەڵبژاردووەو کەسێکی بەئاگاش لەولایەنە ئەو هەواڵە بەکەسێکی تر بگەیەنێت و بڵێت (قوربان لەدایك بووە). هەر ئەو وتراوە دەشێ مەبەست لێی ئەو واتا پراگماتیکییە بێت کە بنیاتی قووڵی بریتی بێت لە (لەکاتی جەژنی قورباندا کەسی ناوبراو لەدایك بوو). دیارە دیسان ئەوکەسە کێیە، ئەوا تەنیا بۆئەوانەی کە لەبازنەی وتن یان لەچوارچێوەی باری وتنەکەدان، دیارە، ئەگینا بەدەر لەوان نەواتای کات کە جەژنەکەیەو نەکەسەکەش کێیە ناگات. جا ئەوەی لێرەدا مەبەستی سەرەکیی هێنانەوەی ئەو وتراوەیە، کارکردنە پراگماتیکییەکەیەتی بەپێی کەلتووری موسڵمان و لەلایەنی دیاریکردنی کاتەوە، لەوەدا کە چەند جەژن و یادکردنەوەیەك هەن. دووان لەوانە لای کوردی موسڵمان ڕەچاوکردنی زۆریان لەلایەنی دیاریکردن و ئاماژەدانەوە بە (کات) هەیەو هەریەکەشیان چەند ڕۆژێك دەخایەنێت، کە ئەوانیش جەژنەکانی قوربان و ڕەمەزانن. ئەم جەژنانە وەك ساڵنامە، ڕووداو و

بۆنەکانیان لەلایەنی مێژووەوە پێ دیاریدەکرێت. وەك ئەوەی کە لەوتراوی (٩) دا لەدایکبوونی منداڵێکی پێ دیاریکراوە. ئاشکرایشە کە ئەو دیاریکردنی کاتە بۆ کەسێکی دەرەوەی بازنەی کەلتووری کوردی موسڵمان ڕوون نابێت و ئاماژە ناکات، تاوەکو زانیاری و کارامەیی لەبارەی ئەو کەلتوورەوە پەیدا نەکات. هەروەك (سۆسێر) یش وتوویەتی: زمان لەلایەنی توانستەکەوە سیستەمێکی جێگیری تێدا هەیە، هەروەك کردەی پەرەسەندنیشی تێدایە، زمان لە هەرساتێکدا خۆبەخۆ سیستەمێکە، کە بەرهەمی کاتی ڕابردووە[٣٢].

## واتای پراگماتیکیی مارەبڕین و شووکردن و ژنهێنان:

ئەم جۆرە بۆنانە لەهەموو زمانەکاندا، لەباری ئاسایی بەکارهێناندا چەندین وشەو زاراوەی تایبەت دەیانگەیەنن. دیارە بەکارهێنانی پراگماتیکییانەش بەپێی هەلومەرجی تایبەت دەبێت و لەگەیاندنی واتادا کاردەکات، هەر بۆ نموونە گوزارشێکی وەك:

١٠- هەر لەگەڵ شەکراوخواردنەوەکەدا، مەلاش دەبەن.

لێرەدا کاری یان دەستەواژەی (مارە دەکەن) نەهاتووە، بەڵام پراگماتیکییانە گەیێنراوە. واتە ئەو واتایەی کە مەبەستی قسەکەرەکە بووە. (پاڵمەر) یش وتوویەتی: گرنگ ئەو نییە کە دەیڵێیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بە چ واتایەك بەکاریدەهێنیت[٣٣]. بێگومان هەر ئەو دەربڕراوە دەکرێ پراگماتیکییانە بەواتای تریش بەکاربهێنرێت. دیارە پێوەندیی ئاسۆیی و هاوڕێیەتیی کەرەستەکانی وتراوی (١٠) لەگەڵ زانیارییەکانی گوێگردا سەبارەت بە کەلتووری کوردی موسڵمان لەولایەنەوە، پێکەوە کارلێکیان دەبێت، ئەوجا ئەو واتای (مارەکردن) ە دەگات.

ئاشکراشە کە بەبێ چوونە ناو ئەو کەلتوورەوە، ئەوا تێگەیشتن لەو دەربڕراوە ئاسان نابێت. دیارە دەربڕراوێکی وا، پێوەندیی بە هەلومەرجی جیهانی کوردەواریی نوێیشەوە هەیە، لەوەدا کە خەڵکی هەوڵدەدەن ئەو ڕێوڕەسمانە کورت بکەنەوە، ئەگینا لەکۆندا بەزۆری هەریەکەیان چ شەکراوخواردنەوەو چ مارەبڕین، ڕۆژی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرا.

خۆ ئەگەر لەم وتراوەش ورد ببینەوە، کە دەڵێت:

١١-میرزا ڕاستییەکەی نەدەگوت، بەڵکو هەر دەیگوت دەمەوێ ئاوی دەستنوێژی لەخۆم حەڵاڵ بکەم.

دەربڕراوی (١١) کۆمەڵێك لێکەوتەی واتایی لێدەکەوێتەوە، لەسەرووی هەموویانەوە (مارەکردن) ە، کە پراگماتیکییانە بەکاربراوە. سەرباری ئەوەش هاتنی وشەی (میرزا) تارادەیەك باڵادەستی و ژێردەستی لەنێوان پیاو و ژنەکەدا دەگەیەنێت.

هەر لەڕووانگەی ئەو کەلتوورەشەوەیە کە پەندە کوردییەکە، دەڵێت:

١٢-هەزاریکەو حەڵاڵیکە[٣٤].

بێگومان وتراوی (١٢) بەکارهێنانێکی پراگماتیکییەو مەبەست لێی شووکردنە بەپێی کەلتووری ئیسلام، کە ڕێگەدەدات ئافرەت چەند شوو دەکات، بیکات. بەڵام بەپێی پێڕەوی ئیسلام و دابونەریتەکەی بێت. جا ئەگەرچی لەوتراوەکەدا وشەی (شوو) لەئارادا نییە، بەڵام بۆ کورد زمانی خاوەن کارامەیی لەبواری بەکارهێنانی زمانەکەداو بەئاگا لەکەلتووری ئیسلام یان کوردی موسڵمان، ئەوا (شوو) وەك واتایەکی پراگماتیکییانەی ئەو بەکارهێنانە، دەگات. لەم بارانەشدایە کە (WILLAM.O.HENDRICK)،

دەڵێت: ((ناتوانرێت تاکە ڕستەیەك بەتەنیا خۆی، ڕاڤەکردنێکی واتادار ڕاڤە بکرێت، ئەگەر شوێنەکەی لەناو چوارچێوەی بنیاتەکە هەموویدا نەبێت))[٣٥]. بێگومان ئەمەش دروستە، چونکە ڕستەیەك یان وتراوێك، ئاسایی پێشوپاشی هەیەو لەنێوان کەسانێکداو لەشوێن و کاتێکدا دەوترێت، کە هەموویان ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی واتاکەیدا هەیە.

## ڕێپێدراو و قەدەغە لای موسڵمانان و بەکارهێنانە پراگماتیکییەکانیان:

بەپێی کەلتووری ئیسلام یان موسڵمانانی کوردەواری و بەزۆری لەژینگەی گوندنشینەکاندا، ئەگەر ژن و پیاوێك یان کوڕو کچێك مەبەستیان بێت یان کەسوکاریان بیانەوێت ببنە هاوسەر، ئەوا ژنە یان پیاوەکە تەمەنیان جیاوازیی زۆریشی هەبووبێت یان تەمەنی کچەکە ئەگەرچی زۆر منداڵیش بێت، تەنانەت لەناو بێشکەشدا لەیەك مارە دەکران، یان وابووە کە کچێکی سەربێشکە لە کەسێکی گەورەتر مارە دەکرا، بەڵام زۆر لەمانە لە دادگادا ڕێگەی پێنادرێت، چونکە تەمەنێکی دیاریکراو بۆ هاوسەرگیری دانراوە، کە لەخوار ئەو تەمەنەوە، ئەوکارە ڕێی پێنادرێت و بێگومان ئەمانەش بۆ خەڵکی کورد تاڕادەیەکی زۆر لێی ئاگادارن، بۆیە ئەگەر لەوتراوێکی وەك:

١٣- لای مەلا کارەکە کراوە، ئەگینا بەپێی دادگا، تەمەنی یاسایی نەبوو.

جا ئەوەی کە پراگماتیکییانە لەوتراوی (١٣) دا بەپەنامەکییانە دەگات، ئەوە واتای (مارەبڕین)ە، کەواتە ئەوکارەی کەکراوە چییە؟ بەڕاشکاوی نەوتراوە، کە چی گوێگر یاخود گوێهەڵخەری وتراوەکە دەیزانێت یان دەزانێت مەبەستی وتراوەکە چییە.

هەر بەپێی ئەو کەلتورە، کچ و کوڕ ئەگەر لەمنداڵیدا شیریان پێکەوە، یان شیری دایکی یەکتر، یاخود هەردووکیان شیری یەك ئافرەتیان خواردبێت، ئەوا ناتوانن ببنە هاوسەرو بە خوشك و برای شیری ناودەبرێن و بەیەك ناشێن. جا ئەو نەشییان و ڕێپێنەدانە بەکارهێنانی پراگماتیکییانەی هەیەو واتاکەشی لەڕێی ئەو کەلتوورەوە دەگات، وەك ئەوەی کە دەوترێت:

١٤-ڕەنج و کاڵێ پێکەوە شیریان خواردووە.

لەوتراوی (١٤) دا، لەڕێی کەلتووری کوردی موسڵمانەوە، مەبەستەکە دەگات، بەڵام بەبێ چوونە ناو ئەو کەلتوورەوە، ئەوا دەشێ کەسانێك هەبن تێگەیشتنیان بۆی تەنیا ئەوە بێت کە ئەو دوو کەسە لەدەمێکی پێش وتراوەکەدا بەیەکەوە شیریان خواردبێتەوە نەك شەربەت. واتە واتای ئەو وتراوەی کە لەڕێی بەکارهێنانە پراگماتیکییانەکەوە دەگات، هەرگیز بەبێ بەئاگایی لە کەلتوورەکە ناگات. هەر ئەم بارانەشە کە وادەکات (براون و یول) وای بۆ بچن کەبواری وتن پێویستە ڕەچاوی ئەو چوارێوەیە بکات، کە وتنەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت، دیارە کە پێکهاتنی چوارچێوەیش لەلایان بە (قسەکەر- نووسەر، گوێگر- خوێنەر، کات و شوێن) ەوە بەندە، چونکە ئەمانە ڕۆڵێکی چالاك لەلێکدانەوەی وتراودا دەگێڕن. زۆرجاریش دەرکەوتنی وتراوێك لەدوو چوارچێوەی جیاوازدا مرۆڤ بەرەو دوو لێکدانەوەی جیاواز دەبات. لێرەشەوەیە کە (هایمس) پێی وایە کە چوارچێوە ڕۆڵێکی دوولایەنەی هەیە[٣٦].

ئاشکراشە کە شێوازی تری بەکارهێنانی پراگماتیکی لەگەیاندنی واتای قەدەغەییدا زۆرن و تاکی کوردزمان، زۆرێك لەکارامەییەکانی لەو کەلتووری ئیسلامەوەیە، بەتایبەت ئەوانەی پێوەندییان بەڕاست و شیاو و ناڕاست و نەشیاوەوە ببێت. هەر بۆ نموونە ئەگەر لەوتراوی (١٥) بڕوانین، کە دەڵێت:

١٥-بەرهەم و سیڤان دەستنوێژیان لەیەك ناشکێت.

ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو دووانە، کە کچ و کوڕ یاخود پیاو و ژنن، مەحرەمی یەکن. واتە ئەگەرچی باسی مەحرەم و نامەحرەم نەکراوە، بەڵام دەستنویژ لەیەکشکاندن و نەشکاندن لەخۆیدا بەپێی کەلتوورەکە ئەوە دەگەیەنێت. ئاشکرایە کوردی موسڵمان تاڕادەیەك لە وردەکاریی ڕێوشوێنەکانی ئایینەکە ئاگادارن. ئەمەش ئاسایی بەپێی ئاستی کارامەییان لەولایەنانە دێتە ئاراوەو دوواتر پراگماتیکییانە بەکاردێت و واتا دەگەیەنێت.

دەبێ ئەوەش بزانین کە زۆر بەکارهێنانی پراگماتیکی، سەبارەت بە ئەرکەکانی موسڵمان، لەزمانی کوردیدا هەن، کە بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو کەلتوورە، ئەو واتایانە ناگەن. یەکێك لەوانەش ڕۆژووە، کە یەکێکە لە ئەرکەکانی سەرشانی مرۆڤی موسڵمان. دیارە ئەمەش ڕێوشوێنی تایبەتی خۆیی هەیە. لەوانە: لەکەیدا دەبێت و سەرەتاو کۆتایی کەیەو ئەو شتانەی کە مرۆڤ دەبێ خۆیی لێ بپارێزێت کامانەن...هتد. ئەمانە ئەگەرچی وشەو زاراوەی تایبەتیان هەیە، کە لەئاستی سیمانتیکدا کاردەکەن و واتا دەگەیەنن، بەڵام هەلومەرجی زمانی کوردی هێندێك بەکارهێنانی پراگماتیکیشی بۆیان هەیە.

دیارە ئەمەی دوواییان بەبێ کەلتووری کوردی موسڵمان، ئەو واتاو مەبەستە لەڕێی خودی کەرەستەکانەوە بەبێ ئەو پێوەندییە یاخود ئەو ڕایەڵە، ناگات. هەر بۆ نموونە ئەگەر لە بەکارهێنانێکی وەك دەربڕراوی (١٦) بڕوانین:

١٦- ئەوخۆی مانگی بینیبوو، بۆیە نەیشکاند.

لێرەدا ئەگەر ئەو بەکارهێنانە وشە بەوشە وەربگێڕرێتە سەر زمانێکی تر، ئەوا ئەو واتایەی کە دەیگەیەنێت، زۆر دوور دەبێت لەمەبەستی وتراوەکە.

کەواتە هەر بەوپێیەی (رياض زكي قاسم) دەڵێت: پێوەندیکردن پێویستی بەبوونی ڕەگەزەکانی (بیرکردنەوە) و (لەیەکترگەیشتن) لەنێوان قسەکەرو گوێگر یان نێرەرو وەرگردا هەیە. جا ئەو بەیەکداچوونەی نێوان بیرکردنەوەو لەیەکترگەیشتن، ئەوە دەسەپێنێت کە ڕێککەوتن لەمەڕ (ئامراز) ەکە یان (نیشانە) کە هەبێت. ئاڕاستەی زانستەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسیش کۆمەڵێك ڕەگەزی تر لەپێناو تەواوکردنی سنووری پێوەندییەکەدا زیاد دەکەن، هەروەك ئەوەی ڕەگەزی پاڵنەریش بۆ پێوەندیکردن، هەروەها بۆ لەیەکترگەیشتن و بۆ بیرکردنەوەش زیاد دەکەن. بە وردییش ئاماژە بۆ ئەو مەبەستانە دەکەن کە مرۆڤ ڕوویتێدەکات و هەوڵی بەجێهێنانیان لەڕێگەی لەیەکترگەیشتن و پێوەندیکردن و بیرکردنەوەوە دەدات. جا بەپێی بۆچوونی ئەوان- مرۆڤ پێش ئەوەی لەگەڵ کەسانی تردا لەیەك بگەن، بیردەکاتەوە، هەروەك لەکاتی پێوەندیکردنەکەشدا بیردەکاتەوە، لەدەمی لەیەکتر گەیشتنەکەیداو هەروەها لەدووای لەیەکترگەیشتنەکەشی لەگەڵ کەسانی تردا هەر بەوپێیە، دیارە بیرکردنەوەش بەبۆشایی ناکرێت، بەڵکو بەنیشانەو هێما بیردەکرێتەوە. بۆیە دەبێ لەگەڵ کەسانی تردا ڕێککەوتن لەمەڕ جۆرەکانی پێوەندی و هێماکان هەبێت، تاوەکو لەیەکترگەیشتن بەدیبێت و کاری پێوەندیکردنەکە دەستەبەر ببێت[٣٧]. بێگومان ئەمانەش کە وادەکات بڵێین بۆ تێگەیشتن لەواتای دەربڕراوی (١٦) بەبێ چوونە ناو کەلتووری کوردی موسڵمانەوە نابێت و مەبەستی وتراوەکە وەك پێویست ناگات، چونکە بەبێ ئاگاداری لەوەی بەپێی ڕێوشوێنەکانی ئیسلام، دەبێ کە مانگی نوێ بینرا، کە لەومانگەدا نیشانەی سەرەتای مانگی ڕۆژووەو دەبێ موسڵمانان تیایدا بەڕۆژوو بن، بەڵام ئەگەر نەبینرێت، ئەوا واتای ئەوەیە کە هێشتا ڕەمەزان نییە. بێگومان ئەمەش بەپێی ساڵنامەیەکی ئیسلامی ڕەچاودەکرێت، کە تیایدا خودی مانگەکەش بەڕەمەزان ناودەبرێت. کەواتە ئەگەر مانگی نوێ نەبینرێت، واتای ئەوەیە کە هێشتا کاتی بەجێهێنانی ئەو ئەرکە

نییە. بۆیە هێندێك جار كە خەڵكی مانگ نابینن یاخود بەفەرمی دان بە بینینیدا نەنراوە، تاوەكو موفتی یان بڕیاردەری ئایینی ڕایبگەیەنێت، بەڵام كەسانێك كە خۆیان چاودێریی ئاسمانیان كردووەو هەر كە مانگیان دیوە، ئیتر خۆیان یەكلایەنانە بڕیاریان داوە كە بەڕۆژوو بن. لەوەدەمانەدا خەڵكانێك پێیان دەڵێن كە ڕۆژووەكەیان بشكێنن، چونكە ڕەمەزان نییە، كەچی ئەوان ڕازی نابن، لەبەرئەوەی خۆیان بڕوایان بە بینینەكەی خۆیان بۆ مانگ هەیەو دەشزانن كە بەپێی قورئان، دەڵێت: هەر كە مانگتان بینی پێبن[٣٨]، واتە بەوەدا بزانن كە ڕەمەزانە. دیارە ئەمەش وا دەكات كە ئەو كەسانە بە ئەركی سەرشانی خۆیان بزانن، كە ڕۆژووەكە بگرن و نەیشكێنن.

## هەلومەرجەكانی جودابوونەوەو پاشگەزبوونەوە لەنێوان ژن و مێرد یاخود هاوسەراندا:

دیارە ئەم لایەنە لە ڕێوشوێنەكانی ئیسلامدا گرنگیی زۆری پێدراوە. هەر بەوپێیەش لەزماندا وشەو فۆرمی تایبەت دەیگەیەنێت. بێگومان ئەگەر بەكەرەستەو واتای ئاسایی ڕەنگدانەوەی هەبێت، ئەوا ئاساییە كە بەكارهێنانی پراگماتیكییش بۆ گەیاندنی ئەو واتایانە لەئارادا دەبێت. بۆ نموونە ئەگەر لەم دەربڕراوەی خوارەوە وردببینەوە، كە دەڵێت:

١٧- بەوەی باش بوو، سێبەسێی نەوتبوو.

وتراوی (١٧) بەپێی كەلتووری ئیسلام یان كوردی موسڵمان، ئەو واتا پراگماتیكییە دەدات، كە باسكراو (تەڵاقەكەی نەكەوتووە). جا ئەو بەكارهێنانە پراگماتیكییەی وتراوەكە، ئەگەر بۆ بێئاگایەك بێت لەو دەوروبەرە یاخود لەكەلتووری موسڵمان، ئەوا دەشێ تێنەگات، یاخود لێتێكچوون بێتە ئاراوە، بەوەی كە دەشێ وا تێبگات كە قسەكەر مەبەستی چەند پارچە كومبارێك بووبێت، كە لەنێوانیاندا یەكبەدوو و دووبەسێ و سێبەسێشی تێدا بووبێت.

هەر سەبارەت بەكەوتن و نەكەوتنی تەڵاق، بەپێی ڕێوشوێنەكانی ئیسلام بۆ دەرخستنی ئەوەی كە ئایا كەی و لە چ بارێكدا كەسێك تەڵاقی دەكەوێت و ئیتر لەگەڵ هاوسەرەكەیدا بۆیان نابێت بچنەوە لای یەك، یان بەپێچەوانەوە، ئایا هەلومەرجەكە چۆنە كە بوواری چاككردنەوەی یاخود چوونەوەلاییەكیان دەمێنێت و دەشێت. ئەم بارە لە دەربڕینێكی وەك ئەوەی لای خوارەوەدا پراگماتیكییانە دەگەیەنرێت، كە دەڵێت:

١٨- یەكتەڵاقی كەوتووە.

دەربڕراوی (١٨) لەلایەنی سیمانتیكییەوە هەواڵدانێكەو واتای كەوتنی تەڵاقێك دەگەیەنێت، بەڵام دەكرێ بەپێی هەلومەرجی تایبەت ئەو واتا پراگماتیكییە بگەیەنێت كە مەبەست لێی ئەوەیە، كە تەڵاقەكە نەكەوتووە، چونكە بەپێی ڕێوشوێنە ئیسلامییەكە، كە سێ تەڵاق لەئارادایەو كەوتن و نەكەوتنیشی ڕێوشوێنی تایبەتی هەیە.

كەواتە ئەو شێوە دەربڕینەی سەرەوە، بەچوونە ناو كەلتووری كوردی موسڵمان و ڕێوشوێنە ئیسلامییەكەوە، واتای وتراوەكە بۆ هاوبەش و بەئاگا لەو كەلتوورە، بەپێی كارامەییەكانی كوردزمان لەبەكارهێنانی زمانەكەدا دەگات و تێگەیشتن دەبێت. دیارە بەبێ چوونە ناو ئەو فایلەوە بەتایبەت بۆ كەسانی دەرەوەی چوارچێوەی باری وتنەكەو چوارچێوە گشتییەكەی وتراوەكە، كە سەرجەم ڕایەڵە واتاییەكانی ئەو چوارچێوانە كەڵكیان لەگەیاندنی ئەو واتایەدا لێ وەردەگیرێت، ناگات.

بەواتایەكی تر دەربڕراوێكی وا ئەگەر بۆ زمانێكی دوور لەكەلتووری كوردو دوور لە ڕێوشوێنە ئیسلامییەكان وەربگێڕرێت، ئەوا ئەو واتایە ناگات، تەنانەت بۆ كوردێكیش كە ئەگەر لەو هەلومەرجانەی

کەلتوورەکە بێئاگابێت، ئەوا ڕەنگە وا تێبگات کە جیابوونەوەی لێدەکەوێتەوە. نەك ئەوەی کە واتای وتراوەکەیە، کە هەلومەرجی مانەوەیان وەك هاوسەر لەئارادا ماوە.

هەر بەپێی ئەو کەلتوورە، کاتێك کە ژن و مێردێك لەدەمێکی دیاریکراودا تێکدەچن و مێردە تەڵاقیدەدات، بەڵام دووای هێوربوونەوە پەشیمان دەبێتەوە، جا لێرەدا ئەگەر لەلایەنە شەرعییەکەوە تەڵاقەکە کەوتبێت، ئیتر ئەوانە ناتوانن بچنەوە لاییەك. خۆئەگەر پیاوەکە هەر مەبەستی بێت ژنەکە بگەڕێنێتەوەو ژنەکەش بەوە ڕازی بێت، لێرەدا تەنیا ڕێگە بەپێی ئەو هەلومەرجە ئەوەیە کە بۆماوەیەکی دیاریکراو ژنەکە لە پیاوێکی تر مارە بکرێت و بچێتە لای و دوواتر ئامادەبێت تەڵاقی بداتەوە، تاوەکو مێردی یەکەمی ئەرێی لایەنی ئاینی بۆ مارەکردنەوەی بەدەست بهێنێت و بۆلای خۆیی بگێڕێتەوە. جا لێرەدا دەشێ ئەم وتراوەی خوارەوە، پراگماتیکییانە ئەو واتایە بگەیەنێت:

١٩- ئەو هەر دەیویست بیگەڕێنێتەوە، بۆیە بە جاشیش ڕازی بوو.

بێگومان وشەی (جاش) لەفەرهەنگدا بە بەچکەی کەر دەوترێت، کەچی خودی ئەو فۆرمە لە فراوانبوونی واتاییدا، چەند واتایەکی بارکراویشی بەدەستهێناوە. یەکێك لەو واتا بارکراوانەی تاڕادەیەك نوێیەو لەبوواری ڕامیارییەوە هاتووەتە ئاراوە. ئەویش ئەوەیە کە بەپیاوی خۆفرۆش و دژ بە نەتەوەی خۆی لەزمانی کوردیدا جاش دەوترێت. ئەمە لەکاتێکدا کە هەر لەناو کورددا و بەپێی کەلتووری کوردی موسڵمان، واتایەکی تریشی هەیە، کە لەواتای دووەمی بارکراو، کۆنترە. ئەویش ئەوەیە کە بەو مرۆڤانە دەوترێت، کە ئامادەبن بۆ چەند ساتێك یان چەند ڕۆژێك یەکێك لەو ژنانە، کە پیاوەکانیان تەڵاقیانداون، بەڵام دوواتر لەو بڕیاری تەڵاقدانەیان پەشیمانن، لێمارەبکرێت و دوواتر ئەوکەسە تەڵاقی بداتەوە، تاوەکو مێردی یەکەم هەلومەرجی هێنانەوەی ژنەکەی لەلایەنی ئایینەوە بۆ بڕەخسێت، ئەوسا بچێتەوە لای ژنی خۆی یاخود سەرلەنوێ لێی مارە بکرێتەوە.

جا لێرەوەیە کە ئەگەر کەسێکی بێئاگا لەو کەلتوورە گوێی لێبێت، ئەوا بەزۆری بۆئەوە دەچێت کە ناوبراوەکە کەسێکەو چڵکاوخۆری دوژمنە، بەڵام بۆ یەکێکی تر کە شتێك یان ئامێرێکی هەبووبێت و لەشوێنێك بێت، یاخود شتەکە هی کەسانی تر بێت و ئەم بیەوێت لەڕێی ئەو جاشەوە بۆ کەسێکی تری بگەڕێنێتەوە، یان لەڕێی کەسە جاشەکەوە بۆ ئەم بگێڕێتەوە. دیارە بۆ بەئاگا لە کەلتوورەکەو بۆ کەسێکی خاوەن کارامەیی لە بەکارهێنانی زمانی کوردی و هاوبەشی بازنەی وتنی وتراوی (١٩)، بەهیچ جۆرێك لێتێکچوون ڕوونادات و ئەو بەکارهێنانە پراگماتیکییە واتاکەی دەگات.

بەوپێیە وشەی (جاش) لەنێوان واتایەکی هۆشەکی و دوو واتای بارکراوداو هەروەها هەلومەرجێکی کراوەش بۆ چەندین بەکارهێنانی تری پراگماتیکییانە لەزمانی کوردیدا لەئارادایە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە واتای سێیەمی کە دووەمی بارکراو دەگرێتەوە، بەبێ بەئاگایی لەکەلتووری کوردی موسڵمان ناگات، وەك ئەوەی کە لەوتراوی (١٩) دا هات.

## بەکارهێنانی پراگماتیکییانەی واتای سێکس:

وەك چۆن بەپێی ئایینی ئیسلام، سێکس باس و ڕێوشوێنی خۆی هەیە، هەر بەوپێیەش لە کەلتووری کوردی موسڵماندا ڕەچاوکردنی لەڕووانگەی ئایینەکەوە هەیەو لەزمانەکەشدا هێماگەلێکی تایبەت واتاکەی دەگەیەنن و کۆمەڵێك بەکارهێنانی پراگماتیکییانەشی هەیە کە ئەو بابەتە دەگەیەنن. بۆ

نموونە ئەگەر لەدەربڕراوی (٢٠) ورد ببینەوە، کە دەڵێت:

٢٠- ئەمە چ منداڵێکە، دەڵێی بیسمیللای لێنەکراوە.

لەوتراوی (٢٠) دا، وشەی سێکس یان جووتبوونەکە، بەوشەی تایبەت بەخۆی گوزارشتی لێنەکراوە، بەڵام پراگماتیکییانە بەپێی کەلتووری کوردی موسڵمان، کە بۆ ئەولایەنە ڕەچاوکردنی هەلومەرجەکانی بەپێی ئایینی ئیسلام و ڕەنگدانەوەیان لەزمانی کوردیدا هەیە، دەگات. لەوەدا کەوتراوە پیاو کە بچێتە لای هاوسەری بۆ جووتبوون، دەبێ بیسمیللا بکات. هەر لەو کەلتوورەشەوەیە کە پیرەمێردی شاعیر، وتوویەتی:

کە چوویتە لای ژن بیسمیللا بکەی

منالی چاکی لێ دروست دەکەی

کەواتە وتراوی (٢٠) مەبەستی ئەو جووتبوونەیە، کە ئەو منداڵەی لێکەوتووەتەوەو نالەبارییەکەی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە لەوکارەدا بیسمیللای لێ نەکراوە، ئەگینا وا دەرنەدەچوو. بێگومان دەبێ ئەوەش بزانین کە لایەنی (تابوو- taboo) ڕۆڵی هەیە لەوەدا کە بۆ گوزارشتکردن لەوبارە، پەنا ببرێتەبەر پراگماتیک بۆ گەیاندنی واتای مەبەست.

## ئافرەت لە بەکارهێنانی پراگماتیکیدا:

ئاشکرایە کە ڕەنگدانەوەی پیاوسالاری لەزۆر لەزمانەکانی ڕۆژهەڵاتدا، بوونی هەیە. ئەو لایەنە لەزمانی کوردییشدا کەمتازۆر بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەت لەکەلتووری کوردی موسڵماندا. جا ئەو ڕەنگدانەوانە، لەتێڕوانینی دەرەوەی ڕوانگە ئایینییەکەوە هەرچۆنێك بێت، چ بە ئەرێیانە یاخود نەرێیانە بێت گرنگ نییە، چونکە مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنیا بەکارهێنانە پراگماتیکییەکەیە نەك قسەکردن لەبارەی خودی ئەو تێڕوانینانە.

هەر بۆنموونە ئەگەر لەوتراوی (٢١) بڕوانین، کە دەڵێت:

٢١-دووانیان بە شایەتێك دادەنرێن.

جێناوی لکاوی کۆی کەسی سێیەم کە (یان) ە، بەپێی کەلتووری ناوبراو، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو (دووان) ە لەکام ڕەگەزن. واتە ئەگەرچی وشەی ئافرەت بوونی نییەو دەرنەکەوتووە، بەڵام پراگماتیکیانە واتاکەی دراوە یان دەگات. ئاشکرایشە کە بۆ بێگانەیەکی بێئاگا لە کەلتووری ناوبراو، هیچ ڕێبەدییەك بۆئەو واتایە ناکات. دیارە سەرچاوەی ئەو تێڕوانینە لەزمانی کوردیدا ئایینی ئیسلامە، چونکە بەپێی ڕێنماییەکانی لەزۆر باردا گەواهیی دوو ئافرەت بەرامبەر بە گەواهیی یەك پیاو ڕەچاو دەکرێت.

هەر بەوپێیەش ئەگەر لەوتراوی (٢٢) یش بڕوانین، کە دەڵێت:

٢٢- لەمیراتدا، دووانیان یەك بەش دەبەن.

لەو وتراوەی سەرەوەشدا ئەگەرچی وشەکانی ئافرەت یان کچ یاخود خوشك نەهاتوون، کەچی لەڕێی فایلی کەلتووری ئیسلام یاخود کوردی موسڵمانەوە، ئەوە دەگات کە ئافرەت لە بەشکردنی میراتدا، بەشی دووانیان هێندەی بەشی برایەکە، یاخود کچ نیوەی بەشی کوڕی پێدەبڕێت.

دیارە ئەمەش بەئاگایی زیاتری پێویستە. هەربۆیە (هابەرماس) پێیوایە، کە: ((لەواتا گەیشتن لەلایەنی ڕێبازەوە، ئەگەر ئەو ناوەرۆکەی تێدابێت کە لە کەلتوورەوەیە، ئەوا دەبێتە ئالۆزییەك))[39] کەواتە بێئاگا

لەو کەلتووره، مەرج نییە ئەو واتایەی پێبگات.

ئەوەی لـەو نموونانـەی پێشتردا باسکران، بـەو واتایـە نییـە کـە هـەر لـەو کـەلتوورەدا تێڕوانینی ئەرێیانـە لـەئارادا نـەبێت و ئـەو تێڕوانینـەش بەتایبـەت سـەبارەت بـە (دایـك) بـەکارهێنانی پراگماتیکییانـەی نـەبێت، بۆنموونە:

-٢٣ بەهەشت لەژێر پێیاندایە.

لەوتراوی (٢٣) دا، وشەی (دایك) بوونی ڕاشکاوی نییە، بەڵکو واتاکەی پراگماتیکییانە دەگات. ئەویش بەچوونە ناو کەلتووری ئیسلام یان کوردی موسڵمانەوە، کە دەوترێت: (بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە).

دیاره ئەمەش لەلایـەنی تێگەیشتنەوە لـە بەکارهێنانە پراگماتیکییەکەی، بەدووای ئەوەدا دەرەخسێت کە قسەکەرو گوێگری کورد ئاستێکی دیاریکراویان سەبارەت بە زمانەکەو بەکارهێنانی هـەبێت. بێگومـان ئـەو وتراوانـە پێوەنـدی و ڕایـەڵی واتـایی و کارامـەیی زۆربـەیان، هەریەکـەو لەگۆشـەیەکی تایبـەتـەوە، بـە لایەنـە مەعریفییەکەی مرۆڤی کوردەوە بەنده. ئەوەش تاڕادەیەکی زۆر وەك ئەوە وایە، کە (د.محمد أبو الفضل بدران) سەبارەت بە دەقی نووسراو و سایە دەقەکانی دەقی نووسـراو، لـەو چوارچێوەیەدا لـەبارەی دەقـەوە، دەڵێت: ((زاراوەی لێکدانـەوە بـەواتای ئەوەیـە کـە دیـدێکی سـایە دەقیـی دەقەکەیـە، کـە لەلایەکـەوە لێـی جیاوازەو لەلایەکی ترەوە درێژبوونەوەی ئەوە، وەك ئەوەی کە بەستەرێکی نهێنی ئەودەقەی کە هەیە لەگەڵ ئـەو دەقانـەدا کـە لێکدانـەوەن بـۆی، کۆیانبکاتـەوە، بەشـێوەیەك کـە ئەودەقانـە لەلایـەن وەرگـرەوە ببنـە بەرهەمێکی مەعریفی))[٤٠]. کەواتە ئەگەر لەوتراوی (٢٣) بڕوانین، دەبینین کە ئەو بەسـتەرە نهێنییـە ئەوەیـە کە لەکارامـەیی مرۆڤی کورددا، دەقە وتراوەکە بـەرەو لایەنە مەعریفییەکەی وەرگری کـورد کێشدەکات و بەوە واتای نەوتراوەکەش بەرهەمدێت، کە دوواجار لەڕێگەی پراگماتیکەوە دەبێت.

## هێزو هاوکاری (Power and Solidarity) بەپێی بەکارهێنانی پراگماتیکی:

کاتێك کە لەزماندا باس لەهێزو هاوکاری دەکرێت بەگشتی، ئەوا مەبەست لەوبارانەیە کە لـەڕێی کەرەستەکانی زمان خۆیەوە، گوێگر دەتوانێت ئەوە بەدەست بهێنێت کە کێ لـەو باسکراوانە باڵادەستەو کێیش ژێردەست یان ئاستی لەکوێدایە، یاخود ئایا کەسەکان هاوشانن. جا ئەو لایەنانە چ کۆمەڵایـەتی بن یان پلەوپایەی زانستی یاخود کارگێڕی...هتد. بێگومان یەکێك لەولایەنانە پلەوپایـەی ئایینیـە، چ زانسـتی و چ سۆفیگەری و...هتد. بۆیە ئەگەر سەرنج لەو وتراوەی خوارەوە بدەین، کە دەڵێت:

-٢٤ ئەو بە موستەعیدی کچەکەی مەلای هێنابوو.

وتراوی (٢٤) بۆ کوردێکی باشووری کوردستان، ئەگەر دابڕاوبێت لەکەلتووری ئیسلام و ڕەنگدانەوەکانی لـەزمانی کوردیـدا، ئـەوا بـەپێی ئـەوەی کـە خـەڵکی کـورد لەباشـوور کـەمتازۆرێك ئاگـاداری زمـانی عـەرەبین، دەکرێ وا لەو وتراوە بگەن کە کەسی ناونراو تەدارەکی ژنهێنـانی دەسـتەبەر کـردووەو ئامـادەیی ئـەوکارەی لەلایەنی دەروونی و مادییەوە هەبووە. لەکاتێکدا کە بەچوونە نـاو فـایلی کـەلتووری کـوردی موسـڵمانەوە، ئەوە دەزانرێت کە پلەکانی خوێندنی ئایینی لەکوردەواریدا تا ئەودەمەی کە کەسـەکە بڕوانامـەی مەلایـەتی بەدەسـتدێنێت، بـڕیتین لـە قۆناغـەکانی: (سـوختە، فـەقێ، موسـتەعید، مـەلا). کەواتـە وتـراوی (٢٤) ئـەوە دەگەیەنێت کە کەسێك لەقۆناغی خوێندکارییەکەیدا، بەپێی هەلومەرجی خوێندنی ئایینی لـە مزگـەوتـەکانی کوردسـتاندا، واتـە پـێش ئـەوەی بڕوانامـەی مەلایـەتی وەربگرێـت، ژنیهێنـاوە. کەواتـە وتراوەکـە بـەپێی بەکارهێنانـە پراگماتیکییەکـەی دەشـێت جگـە لەلایـەنی هەواڵدانەکـە، ئـەوەش بگەیـەنێت کـە کەسـەکە پێشوەخت یاخود زوو ژنیهێناوە.

هەر بەوپێیەش وتراوێکی وەك:

٢٥- موستەعید بوو، دەرسی بە فەقێیان دەگوت.

هەر بەپێی کەلتووری ناوبراو، دەکرێ پراگماتیکییانە وتراوی (٢٥) ئەو واتایە بگەیەنێت، کە کەسی یەکەم باڵادەست و ئەوانیتر ژێردەست یان خوارتربوون لەلایەنی زانستە ئایینییەکەوە، یان لەقۆناغی خوێندنەکەیاندا.

دیارە بەبێ ئەو کەلتوورە، لەوانەیە وەك وتراوی (٢٤) بۆ کەسێك کە زانیاریی سەبارەت بە کەلتووری کوردی موسڵمان لەم پارچەیەی کوردستاندا نەبێت، لێکبدرێتەوە. واتە دیسان واتای (موستەعید) بە (ئامادە) لێکبدرێتەوە.

ئەمە لەکاتێکدا کە وتراوی (٢٥) واتاکەی پراگماتیکییانە ئەوە دەگەیەنێت، کە کەسەکە زیرەك بووەو لەئاستەی خوێندنەکەشیدا توانای ڕۆڵبینینی مامۆستایەتیی هەبووە. دیارە ئەم واتایەش بەوتنی ڕاشکاو نەوتراوەو پراگماتیکییانە دەگات. هەروەك ئەوەی (صابر الحباشة) ش پێیوایە، کە: پراگماتیك لەدەرەوەی جیهانی زمانی بۆ بەهای وتراو دەڕوانێت[٤١].

## پەسن بەپێی کەلتووری کوردی موسڵمان:

دیارە ئەو لایەنانە زۆرن، کە مرۆڤ بەهۆیانەوە پەسنی شت و کەسەکان دەکات و دەیانکاتە هۆکارێك بۆ گەیاندنی واتا. ئەمانەش بەپێی زۆرشت و هەلومەرج دێنە ئاراوە، یەکێکیش لەوانە ئایینە، کە ئاستی گوێڕایەڵی و بەجێهێنانی ئەرك و ڕاسپاردەکانی، لەهێندێك باردا مرۆڤەکانی پێ پەسن دەدرێت. بێگومان لەم لایەنەوە کەلتووری کوردی موسڵمان چالاکی و ڕۆڵی دیاری هەیە. بۆنموونە پەسنێکی وەك:

٢٦- هەمیشە لەسەر بەرماڵە.

وتراوی (٢٦)، پراگماتیکییانە ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە کەسەکە کەسێکی لەخواترس و نوێژکەرەو نەك هەر پێنج نوێژەکە، کە ئەرکی سەرشانی مرۆڤی موسڵمانە، دەکات، بەڵکو بەدەر لە ئەرکەکانی سەرشانیشی نوێژێکی زۆر دەکات، یاخود زۆر بڕوادارە. کەواتە کاتێك کە (یوسف قطامي) دەڵێت: چەمکەکان کورتکەرەوەی کارامەیی و ناوەڕۆکە مەعریفییەکانن لە وشەدا یان لە هێمایەکدا کە کۆمەڵێك چەشن و تایبەتمەندێتیی هاوبەشیان تێدایەو بە وشەیش گوزارشت لەچەمکەکان دەکرێت[٤٢]. ئەو بۆچوونە بۆچوونێکی دروستە، چونکە لەو هێمایانەی دەربڕراوی (٢٦) دا، کۆمەڵێك لایەنی کەلتووری و مەعریفیی تێدا چڕکراوەتەوە، چونکە لایەنە مەعریفییەکە ڕۆڵی ئاراستەکەر دەبینێت. دیارە (پیا جبیە) ش پشتگیریی ئەوڕایە دەکات کە لایەنە مەعریفییەکە بە پێشەنگ دەزانێت و زمان بە ملکەچی بیر دادەنێت[٤٣].

بێگومان ئەم بەکارهێنانە پراگماتیکییانە نموونەیان زۆرە، لەوانەش ئەگەر لەوتراوی (٢٧) بڕوانین، کە دەڵێت:

٢٧- بەوەی دەستم پێگرتووە.

لێرەدا پراگماتیکییانە واتایەك دەگەیەنێت، کە لەوتراوەکەدا لەڕێی کەرەستەیەکی زمانییەوە بەڕاشکاوی گوزارشتی لێنەکراوە. ئەویش ئەوەیە کە قسەکەر حاجییە، واتە چووەتە سەردانی کابە یان قیبلەی موسڵمانان، کە ماڵی خوایە. دیارە مەبەست لە دەستپێگیراویش ئەو بەردە ڕەشەیە کە لەو جێگەیەدایە. ئاشکراشە کە ئەو وتراوە سوێندخواردنە لەلایەنی واتای پراگماتیکییەوە. کەواتە لەو شوێنەدا کە دەربڕراوی (٢٧) بەکارهاتووە، لەبەرئەوەی شتێك، بەدەستەوە نەگیراوە، ئەوا خۆی لەخۆیدا دەبێتە هێمایەکی تر، ئەمانەشە کە وایکردووە (د.وائل برکات) وایبۆبچێت، کە: ((ئەوەی بە پێودانگی زمانە سەرچاوەییە باوەکە جیاواز بوو، ئەوا خۆی دەبێتە هێما بۆ بۆتە زمانییەکە...))[٤٤]، چونکە لە بۆتە زمانییەکەدا ئەودەمەی قسەکەی تێدا کراوە، دەست بە شتێکەوە نەگیراوە. کەواتە کاری دەسپێگرتنەکە کۆنەو ڕابردوو مەبەستە. دیارە ئەمەش بەپێی پێودانگی زمانە سەرچاوەییە باوەکە نییە، بۆیە بۆ بۆتە زمانییەکە دەبێتە هێماو واتای سوێندخواردنەکە بەشێوەیەکی پراگماتیکی دەگەیەنێت. گوزارشتی (٢٨) یش، هەر بەوپێیە کاردەکات، کە دەڵێت:

٢٨- پارشێوان ئاو زیاتر هیچ ناخوات.

پێش هەر شتێك دەبێ ئەوە بزانین، کە زمان (langue) موڵکی هەموو ئەو قسەپێکەرانەیەتی کە بەکاریدەهێنن، بەڵام ئەمە بەدروستی لەڕێگەی وتنەکان (Parole) ی تاکەکەسەوە بەرجەستە دەبن. ئەو قسانەش کە کارەکییانە دەکرێن، لەلایەنی سەرەتاکانەوە لەگەڵ ئەو پێڕەوانەدا دەگونجێن، کە زمانی

کۆمەڵی قسەکەر دەیسەپێنێت[٤٥].
هەربۆیە ئەو واتا پراگماتیکییەی کە لەڕێی وتراوی (٢٨) ەوە، دەگات، ئەوەیە کە کەسی قسەلێکراو موسڵمانەو بەڕۆژووش دەبێت. موسڵمانانیش کە بەڕۆژوو دەبن، لەپارشێواندا بۆ نانخواردن هەڵدەستن، بەڵام قسەلێکراو لەلایەنی بەرگەگرتنی برسێتییەوە بەتوانایە، بۆیە پارشێوان تەنیا ئاو دەخواتەوەو جگە لەئاو هیچی تر ناخوات. هەروەها ئەوەش دەگەیەنێت کە کەسەکە لەپارشێواندا هەڵدەستێت، چونکە کەسانێك هەن بەڕۆژوو دەبن، بەڵام پارشێو ناکەن. ئاشکراشە کە کەسێکی دەرەوەی کەلتووری ئیسلام یان کوردی موسڵمان، بەبێ ئەو زانیارییانەی کە لەو کەلتوورەوەن، ناتوانێت لەمەبەستی ئەو وتراوە بگات، ئەگەرچی لە ئاستێکی دیاریکراویشدا زمانی کوردی بزانێت.
ئاکام دەبێ ئەوەمان لەلا ڕوون بێت، کە جیهانی کارامەیییەکانی مرۆڤ زۆرو هەمەچەشنەن و لەبیری مرۆڤدا پۆلێنکردنی تایبەتیان هەیەو لەدەمی پێوەندیکردنیشدا مرۆڤەکان بەئاوەز ئەو لایەنانە ئامادەی کارپێکردن دەکەن و لەڕێی بەکارهێنانی ئاسایی وشەو زاراوەکانەوە واتای پێدەگەێنرێتە وەرگر. لەکاتێکدا کە بەپێی بەکارهێنانی پراگماتیکیی، واتاگەلێکی زۆرو بگرە فراوانتریش دەگەیەنرێت، وەك ئەوەی کە سەبارەت بەو هێماو گوزارشتانەی کە بەکەلتووری ئیسلام یان کوردی موسڵمانەوە پێوەند بوون.

## ئەنجام

١- بوواری کارامەیییەکانی مرۆڤ، چەندین لایەن لەخۆدەگرێت، کە ئەمانەش بە وشەو زاراوەی تایبەت گوزارشتیان لێدەکرێت و لەباری ئاساییدا لەڕێی سیمانتیکەوە واتایان دەگات.
٢- واتای وتراوێك بەبێ بەستنەوەی زمانەکە بەکارامەیی کەسییەوە، دەشێ بەهەڵەدابەر بێت، یان تێگەیشتن دەستەبەر نەکات.
٣- کەلتووری ئیسلام لای کوردی موسڵمان و تایبەتمەندییەکانی کە لەکەلتووری کوردەواریدا ڕەچاوکردنیان هەیە، لەزمانی کوردییشدا ڕەنگدانەوەی دەبێت. هەر بەوپێیەش لەکردەی پێوەندیکردندا گوزارشتی تایبەت بەخۆیان هەیەو دەشێ واتای ئەو گوزارشتانەش لەڕێگەی سیمانتیك و پراگماتیکیشەوە بگەیەنرێن، کە ئەمەش هەلومەرجی نێوان قسەکەرو گوێگر دەیسەپێنێت.
٤- کاتێك کە بوواری کارامەیییەکانی مرۆڤ، چەندین لایەن لەخۆبگرێت و مرۆڤەکانیش مەرج نەبێت کە لەو هەموو کارامەییانەدا هاوبەش بن، لێرەوە دەشێ تێنەگەیشتن لەواتای سیمانتیکییشدا بێتە ئاراوە. جائەگەر تێنەگەیشتن بەهۆی جیاوازیی کارامەیییەکانەوە بێتە ئاراوە، ئەوا ئاشکرایشە کە بەکارهێنانی پراگماتیکییانەی کەرەستە زمانییەکان بۆ گوزارشتکردن لەو لایەنانەی پێوەست بەکارامەیی تاکەکانەوەن، هۆشیاری و بەئاگایی زیاتری نێرەرو وەرگری پێدەوێت، تاوەکو مەبەستەکە بگات و بەهەڵەداچوون ڕوونەدات.
٥- کەلتووری ناوبراو ئاوێتە بەزۆر لایەنی کۆمەڵایەتیی کوردەواری بووە. دیارە زمانیش ئاسایی لەکۆمەڵدا کاردەکات، بۆیە دەکرێ کەلتوورە ئیسلامییەکەی کوردەواری بە فایلێکی سەرەکی دابنێین، وەك چۆن لەئامێری کۆمپیوتەردا زانیارییەکان لەفایلی تایبەتدا بەپێی پۆلێنکردنی خاوەنی کۆمپیوتەرەکە دادەنرێن یان دەپارێزرێن و هەر لەو فایلەشەوە دەشێ ئاماژە بۆ چەندین فایلی تر بکرێت. هەر بەوپێیەش کەلتوورە ئیسلامییەکەی کورد کە سەرەکییە، بۆ چەندین فایلی جیاجیا بەشدەکرێت و هەریەکەشیان کەرەستەی زمانیی تایبەتیان دەبێت و هەریەکەش پێویستی بەکارامەیی و لێزانینی تایبەت سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانەکە بۆ ئەولایەنە دەبێت.
٦- گەیاندنی پراگماتیکییانەی واتای ئەو گوزارشتانەی کە بە کەلتووری ئیسلامەوە پێوەندن، جگە لەمەبەستی سەرەکیی وتراو، کۆمەڵێکی زۆر لێکەوتەی واتاییش دەخەنەوە، کە دەشێ هەریەکەیان لەچوارچێوەی باری وتنی جیاجیادا ببنە مەبەست و پراگماتیکییانە واتا بگەیەنن.

## پەراوێزەکان

[1] بڕوانە: غالب المطلبي، في علم اللغة، ص (٣٥).

[2] مطاع صفدي، إستراتيجية التسمية في نظام الانظمة المعرفية، ص (٢٢٣).

[3] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: شنان قويدر، التداولية في الفكر الانجلو سكسونى، مجلة الشمال، العدد ٥، ٢٠٠٥-٢٠٠٦. (info@aswat-elchamal.com)

[4] وشەی (فایل – File) لە کارکردنی کۆمپیوتەرەوە وەرگیراوە.

[5] ڤۆلفگانگ هاینەمان دیتەر ڤیهڤیجەر، مدخل الى علم لغة النص، ترجمه و علق عليه و مهد له: أ.د.سعيد حسن بحيري، الطبعة الاولى القاهرة ٢٠٠٤.

[6] نايف خرما، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، ص (٢٢٤).

[7] ميشيل فوكو، نظام الخطاب و ادارة المعرفة، ص (١١).

[8] اف.ار.پالمر، علم الدلالة، ص (١٠).

[9] بڕوانە: رولان پارت، مبادئ في علم دلالة، ص (٣٦).

[10] د.حاتم صالح الضامن، علم اللغة، ص (٣٧).

[11] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: مالك حاكم لعيبي، الترادف في اللغة، ص (٧٢).

[12] وشەی (خستنەوە) بەواتای (توليد) ی عەرەبی هاتووە.

[13] جون لايينز، اللغة و المعنى و السياق، ص (٢٨-٢٩).

[14] بڕوانە: WILLAM.O.HENDRICK، مقالات في علم اللغة السيميائي و الادب المروي، ص (٣٠).

[15] د. نور الهدى الوشن، علم الدلالة، ص (٥٠).

[16] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: نعيم علوية، بحوث لسانية، ص (٥-٦).

[17] روبرت شولز، السيمياء و التأويل، ص (٢٥١).

[18] نعوم تشومسكى، المعرفة اللغوية، ص (٢٢٢).

[19] أمبرتو أيكو، السيميائية و فلسفة االغة، ص (٢٣٨).

[20] د.يحيى احمد، الاتجاه الوظيفي، مجلة (عالم الفكر)، ص (٨٤).

[21] پيير جيرو، علم الدلالة، ص (٥٧).

[22] اف.ار.بالمر، علم الدلالة، ص (٣٠).

[23] د.هادى نعمان الهيتي، ثقافة الاطفال، ص (١٤١).

[24] پێشنیگاخستنی کتێبەکەی (جاك موشلرو ئان روبول)، التداولية اليوم: علم جديد في التواصل، (www.aot.org.lb).

[25] سيزا قاسم، القارئ و النص، ص (١٣٣).

[26] هێندێك جار لەجیاتی بانگی خەوتنان، بانگی عیشا دەوترێت.

[27] ميلكا أفيتش، إتجاهات البحث اللساني، ص (٣٦٣).

[28] بڕوانە: (صابر الحباشه، الاسلوبية التداولية: التجاور و التداخل، (www.ofouq.com).

[29] رولان بارت، مبادئ في علم الادلة، ص (١٤).

[30] ميلكا أفيتش، إتجاهات البحث اللساني، ص (٣٥٢).

[31] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: صابر الحباشه، الاسلوبية التداولية: التجاور و التداخل، (www.ofouq.com).

[32] عبدالله ابراهيم و اخرون، معرفة الاخر (مدخل الى المناهج النقدية الحديثة)، ص (٤٣).

[33] اف.ار.بالمر، علم الدلالة، ص (٦).

[34] دیارە وتنی پەندەکە، شێوە فۆنەتیکییەکەیەتی، دەنا خۆی بەپێی پێڕەوبەندی (هەزاری بکەو حەڵاڵی بکە) یە.

[35] WILLAM.O.HENDRICK، مقالات في علم اللغة السيميائي و الادب المروي، ص (١٦).

[36] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: محمد خطابي، لسانيات النص/ مدخل الى إنسجام الخطاب، ص (٥٢).

[37] لەو بارەیەوە، بڕوانە: رياض زكي قاسم (أستاذ اللغويات، الجامعة اللبنانية، اللغة و الاعلام، بحث في العلاقات التبادلية، في الاصل ورقة قدمت الى الندوة التي اقيمها منتدى الفكر العربي (عمان) و مجمع اللغة العربية الادبي بعنوان: ((اللغة العربية و الاعلام و كتاب النص)) يوم الثلاثاء ٢٠٠٥/٩/١٣.

[38] دیارە لێرەدا مەبەست مانگی نوێ یان یەکشەوەیە، کە سەرەتای مانگی ڕەمەزان دەگەیەنێت.

[39] محمد نورالدين افاية، الحداثة و التواصل، ص (٧٥).

[40] د.محمد ابو الفضل بدران، موت النص، ص (٢٨).

[41] بڕوانە: صابر الحباشة، الاسلوبية و التداولية: التجاور و التداخل، ص (٤)، (www.ofouq.com).

[42] د.يوسف قطامي، نمو الطفل المعرفي و اللغوي، ص (٣٢٣).

[43] مارك ريشل، اكتساب اللغة، ص (١٤٦).

[44] G. Mounin، اللسانية، عن كتاب: مفهومات في بنية النص، ص (١٠٤).

[45] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: ميلكا ايفيتش، اتجاهات البحث اللساني، ص (٢٢٠).